# الانعكاسات النفسية للأنشطة اللاصفية لدى طلبة المرحلة الأساسية: دراسة ميدانية في المدارس الأساسية في مدينة أربيل

كريم رؤوف محمدأمين
karim.mohamedamin@su.edu
أ.م. د. عبدالله خورشيد عبدالله
abdullah.abdullah@su.edu.krd
رئاسة جامعة صلاح الدين - أربيل / كلية الآداب - قسم علم الاجتماع

**الكلمات المفتاحية**: الانعكاسات النفسية، الأنشطة اللاصفية، طلبة المرحلة الأساسية، المدارس الأساسية، البحث الميداني.

**كيفية اقتباس البحث**
محمدأمين , كريم رؤوف , عبدالله خورشيد عبدالله, الانعكاسات النفسية للأنشطة اللاصفية لدى طلبة المرحلة الأساسية: دراسة ميدانية في المدارس الأساسية في مدينة أربيل ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Psychological Impact of Extracurricular Activities on Primary School Students: A Field Study in Primary Schools in Erbil

**Karim Raouf Mohammed Amin**
karim.mohamedamin@su.edu

**Assistant Professor Dr. Abdullah Khurshid Abdullah**
abdullah.abdullah@su.edu.krd

**Presidency of Salahaddin University - Erbil / College of Arts - Department of Sociology**

**Keywords** : Psychological repercussions, Extracurricular activities, Basic education students, Basic schools, Field research.

**How To Cite This Article**
Mohammed Amin , Karim Raouf , Abdullah Khurshid Abdullah ,The Psychological Impact of Extracurricular Activities on Primary School Students: A Field Study in Primary Schools in Erbil ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This research highlights the importance of extracurricular activities as an effective educational environment for fostering the psychological development and stability of students. The primary objective of the study is to measure the level of psychological repercussions of extracurricular activities among basic education students, and to identify statistically significant differences based on demographic variables. To achieve these objectives, the researcher adopted a descriptive-analytical survey method. The research population consisted of students in grades (7, 8, and 9) of basic education schools in Erbil city. The sample was selected using a stratified random sampling method, comprising (420) male and female students from (20) public and private schools. Data were collected using a

questionnaire consisting of (52) items, whose reliability was confirmed through Cronbach's alpha coefficient, yielding a high value of (0.922). Following data analysis using the (SPSS) software, the findings revealed that the students' level of participation in extracurricular activities was high, with a mean score of (4.053). Furthermore, there is a statistically significant positive correlation (R = 0.554) between participation in these activities and psychological repercussions, indicating that activities account for (30.7%) of the students' psychological growth and emotional well-being. Additionally, the results of the (T-test) and (ANOVA) demonstrated no statistically significant differences based on gender or grade level; however, a significant difference emerged based on school type in favor of private schools. Ultimately, the study presents a set of recommendations emphasizing the utilization of these activities as a mechanism to alleviate academic stress and enhance students' self-confidence.

**مخلص**

يُسلط هذا البحث الضوء على أهمية الأنشطة اللاصفية كبيئة تربوية فاعلة لتعزيز النمو والاستقرار النفسي لدى الطلبة. ويهدف البحث بشكل رئيسي إلى قياس مستوى الانعكاسات النفسية للأنشطة اللاصفية لدى طلبة المرحلة الأساسية، وتحديد الفروق ذات الدلالة الإحصائية وفقاً للمتغيرات الديموغرافية. ولتحقيق هذه الأهداف، اعتمد الباحث على المنهج الوصفي المسحي التحليلي. وقد تكوّن مجتمع البحث من طلبة الصفوف (السابع، الثامن، والتاسع) في المدارس الأساسية بمدينة أربيل. أما عينة الدراسة، فقد اختيرت بالطريقة العشوائية الطبقية المنتظمة، وشملت (٤٢٠) طالباً وطالبة توزعوا على (٢٠) مدرسة حكومية وأهلية. تم جمع البيانات من خلال استبانة تكونت من (٥٢) فقرة، حيث تم التأكد من ثباتها باستخدام معامل ألفا كرونباخ، والذي بلغ (٠,٩٢٢) .وبعد إجراء التحليل الإحصائي للبيانات باستخدام برنامج(SPSS) ، أظهرت النتائج أن مستوى مشاركة الطلبة في الأنشطة اللاصفية كان مرتفعاً بمتوسط حسابي بلغ (٤,٠٥٣). كما بيّنت النتائج وجود علاقة ارتباطية إيجابية دالة إحصائياً (R = 0.554) بين الأنشطة اللاصفية والانعكاسات النفسية، حيث تبين أن هذه الأنشطة مسؤولة بنسبة (٣٠,٧%) عن الطمأنينة والنمو النفسي للطلبة. ومن جهة أخرى، أثبتت نتائج اختباري (T-test) و (ANOVA)عدم وجود أية فروق ذات دلالة إحصائية تعزى لمتغيري الجنس والمرحلة الدراسية، في حين ظهرت فروق دالة إحصائياً تعزى لمتغير نوع المدرسة، وذلك لصالح المدارس الأهلية. وفي الختام، قدمت الدراسة مجموعة من التوصيات التي تؤكد على ضرورة توظيف هذه الأنشطة كآلية لخفض الضغط الأكاديمي وتعزيز الثقة بالنفس لدى الطلبة.

# ڕەنگدانەوەی دەروونییەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لای قوتابیانی بنەڕەتی توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر.

کریم رؤوف محمدأمین
karim.mohamedamin@su.edu
پ.ی د. عبدالله خورشید عبدالله
abdullah.abdullah@su.edu.krd
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر / کۆلێژی ئاداب – بەشی کۆمەڵناسی

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر گرنگیی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل وەک ژینگەیەکی پەروەردەیی کاریگەر بۆ گەشەپێدان و سەقامگیریی دەروونیی قوتابیان. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوانەکردنی ئاستی ڕەنگدانەوە دەروونییەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لای قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی، و دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، توێژەر پشتی بە ڕێبازی وەسفیی ڕووپێویی شیکاری بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە قوتابیانی پۆلەکانی (٧، ٨، ٩)ی قۆناغی بنەڕەتی بوون لە شاری هەولێر. نمونەی توێژینەوەکە بە شێوازی هەڕەمەکیی چینایەتی ڕێکخراو هەڵبژێردرا کە پێکهاتبوو لە (٤٢٠) قوتابی لە (٢٠) قوتابخانەی حکومی و ناحکومی. داتاکان لە ڕێگەی فۆرمێکی ڕاپرسیی (٥٢) بڕگەییەوە کۆکرانەوە کە جێگیرییەکەی لە ڕێگەی ئەلفای کرۆنباخەوە سەلمێنرا بە بەهای (٠,٩٢٢). پاش شیکردنەوەی داتاکان لە ڕێگەی بەرنامەی(SPSS) ، ئەنجامەکان دەریانخست کە ئاستی بەشداریکردنی قوتابیان لە چالاکییەکاندا بەرزە (٤,٠٥٣). هەروەها پەیوەندییەکی ئەرێنیی واتادار (R = 0.554) لە نێوان چالاکییەکان و ڕەنگدانەوە دەروونییەکاندا هەیە، کە چالاکییەکان بە ڕێژەی (٣٠,٧%) بەرپرسن لە ئارامی و گەشەی دەروونیی قوتابیان. ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی (T-test) و (ANOVA) سەلماندیان کە هیچ جیاوازییەکی واتادار بەپێی ڕەگەز و قۆناغی خوێندن بوونی نییە، بەڵام جیاوازییەکی واتادار بەپێی جۆری قوتابخانە لە بەرژەوەندیی قوتابخانە ناحکومییەکاندا دەرکەوت. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی پێشکەش کردووە بۆ بەکارهێنانی ئەم چالاکییانە وەک میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی فشاری ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی متمانەبەخوود لای قوتابیان.

**وشە سەرەکییەکان :**

ڕەنگدانەوە دەروونییەکان، چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، قوتابیانی بنەڕەتی، قوتابخانە بنەڕەتییەکان، توێژینەوەی مەیدانی.

## پێشەکی (Introduction)

لە پرۆسەی پەروەردەی هاوچەرخدا، ئەرکی قوتابخانە تەنها لە پێدانی زانیارییە تیۆری و ئەکادیمییەکان لەناو چواردیواری پۆلدا کورت نابێتەوە. بەڵکو پەروەردەی دروست ئامانجی پێگەیاندنی تاکێکی هاوسەنگە لە ڕووی زانیاری و دەروونییەوە. لەم چوارچێوەیەدا چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل (Extracurricular Activities) وەک بوارێکی یەکجار کاریگەر تەماشا دەکرێت کە هۆیەکە بۆ گەشەی کەسایەتی و سەقامگیریی سۆزداریی قوتابییانی بنەڕەتی . ئەم چالاکییانە کە وەك بوارەکانی وەرزش و هونەر و ڕۆشنبیری زانستی و چالاکییە تەرفیهییەکان لەخۆ دەگرن، دەبێتە هۆی ژینگەیەکی دەروونی ئارام کە تێیدا قوتابییان فێری زاڵبوون بەسەر دڵەڕاوکێ، دروستکردنی متمانەبەخوود و بەتاڵکردنەوەی فشاری ئەکادیمی دەبن.

سەرەڕای سەلماندنی گرنگی ئەم چالاکییانە لەسەر ئاستی گشتی بۆ گەشەپێدانی جەستەیی دەروونی قوتابییان و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی ، بەڵام تێبینی دەکرێت کە لە هەندێك لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا تارادەیەك وەک پێویست مامەڵەی زانستییان لەگەڵدا ناکرێت و تەنها وەک ئامرازێک بۆ کات بەسەربردن سەیردەکرێت. زۆرجار ئەم چالاکییانە بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەخراونەتە خزمەت ئامانجە پەروەردەی و دەروونی و کەسییەکانەوە. کە ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی لە هەیکەلی پەروەردەییدا دروست کردووە. لە ڕوانگەی هەستکردن بەو بۆ شاییە زانستی و مەیدانییە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی و ورد بۆ دیاردەکە بکات لەناو قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی قەبارەی ئەو ڕەنگدانەوە دەروونییانەی کە لە ئەنجامی بەشداریکردنی قوتابیان لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلدا دروست دەبن. هاوکات توێژینەوەکە بەدواداچوون دەکات بۆ کاریگەریی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک ڕەگەز و ئاستی پۆل و جۆری قوتابخانە لەسەر ئەم ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا دەرەنجام و ڕاسپاردەی وا پێشکەش بکات کە ببێتە یارمەتیدەری بڕیاردەران بۆ مامۆستایان و ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە بەکارهێنانی ئەم چالاکییانە وەک میکانیزمێکی چارەسەری و دروستکەر بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە.

**چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: گرفتی توێژینەوەکە**

کیلەنگەر (Kerlinger) لە پێناسەی گرفتی توێژینەوەدا دەڵێت گرفتی توێژینەوە ڕستەیەکی پرسیارییە و لە لایەن توێژەرەوە دەخرێتە ڕوو کە ئایا پەیوەندی لە نێوان دوو گۆڕاو یان زیاتردا چییە؟ کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکیش بە هەمان شێوە پێیان وایە بۆ خستنەڕوویەکی گونجاوی گرفتی توێژینەوە دەبێ ئەو پرسیارە بە ڕوونی دیاری بکرێت کە لای توێژەر دروست بووە (سلیمان، ١٩٧٣: ٣٥). لەم توێژینەوەیەدا گرفتی توێژینەوەکە پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و ڕەنگدانەوە دەروونییەکانی لای قوتابیانی بنەڕەتی. چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل ئەو چالاکییانەن کە لە قوتابخانە پەیڕەو دەکرێن و لە دەرەوەی پۆلدا پراکتیزە دەکرێن و تەواوکەری پرۆگرامی خوێندنن و لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە پلانیان بۆ دارێژراوە. ئەم چالاکییانە بە بوارێکی هونەری و تەکنیکی گرنگ دادەنرێن لە پەرەپێدانی بەهرە و ئارەزووەکانی قوتابیان و بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی بەهێز و سەقامگیر لە ڕووی دەروونییەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرەڕای گرنگیی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل بۆ تەندروستیی دەروونی، هێشتا لە هەرێمی کوردستاندا ئەم بابەتە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی نەخراوەتە چوارچێوەی توێژینەوە و دارشتن و دانانی پلانێکی ڕێک لە پرۆگرامەکانی خوێندندا کە جێبەجێ بکرێت لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

لە ڕوانگەی هەستکردن بەو کەلێنە و بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، لەم توێژینەوەیەدا پرسی سەرەکی بریتییە لە ڕوونکردنەوەی (ڕەنگدانەوە دەروونییەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لای قوتابیانی بنەڕەتی). واتە ئایا ئەو ڕەنگدانەوە دەروونییانە چین کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لای قوتابیانی بنەڕەتی دروست دەبن؟

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەدرێت:

١- ئاستی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و ڕەنگدانەوەیان لەسەر لایەنی دەروونیی قوتابی چەندە؟
٢- چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل چ کاریگەرییەکیان لەسەر لایەنی دەروونیی قوتابی هەیە؟
٣- ئایا ئەنجامەکان بە گوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز، جۆری قوتابخانە) جیاوازییان تێدا دروست دەبێت؟

گرنگی توێژینەوە (Significance of the Study)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنی سەرەکی تیۆری و پراکتیکییەوە پێکهاتووە. لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆشایەکی گەورەی زانیاری لە کتێبخانەی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا پڕ بکاتەوە، کە تێیدا زۆربەی توێژینەوەکان تەنها تیشکیان خستووەتە سەر بواری فێربوونی ئەکادیمی ناو پۆل و ڕۆڵی پەروەردەی دەروونی و سۆزداریی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل تارادەیەك پەراوێز خراوە. بۆیە توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی چوارچێوەیەکی زانستی نوێتر پێشکەش دەکات بۆ بەستنەوەی چالاکییە نائەکادیمییەکان بە تیۆرییەکانی پەرەپێدانی دەروونی و کەمکردنەوەی فشاری ئەکادیمی و دروستکردنی کەسایەتییەکی سەقامگیر لای قوتابیانی بنەڕەتی لە ڕووی پراکتیکیشەوە، ئەم توێژینەوەیە بەڵگە و داتای زانستی متمانە پێکراو دەخاتە بەردەست بۆ لایەن و کەسانی بواری پەروەردەیی و وەزارەتی پەروەردە تاوەکو چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لە بابەتێکی لاوەکییەوە بکەن بە بەشێکی بنەڕەتی و گرنگ لە پرۆگرامی خوێندندا. هەروەها ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی ڕێبەرێکی پراکتیکی و گرنگ بۆ کارگێڕیی قوتابخانەکان و مامۆستایان و ڕێنماییکارانی پەروەردەیی و دەروونی، تاوەکو لە ڕێگەی ئەم چالاکییانەوە وەک میکانیزمێکی چارەسەری مامەڵە لەگەڵ کێشە دەروونییەکانی وەک دڵەڕاوکێ و لاوازیی متمانە بە خۆبوون بکەن، و لەبری ببێتە هۆی زیاتر سەقامگیریی دەروونی سۆزداری و ئاسایشی دەروونی لای نەوەی نوێ گەشە پێبدەن.

**ئامانجی توێژینەوکە.**

١- پێوانە کردنی ئاستی هەر یەك لە گۆڕاوەکانی چالاکی دەرەوی پۆل ڕەنگدانەوەی لە سەر ( دەروونی قوتابییان).
٢- دەستنیشانکردنی جیاوازی لە ڕەنگدانەوەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەك (ڕەگەز و جۆری قوتابخانە حکومی و ناحکومی ). لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکان
٣- زانینی کاریگەری چالاکیەکانی دەرەوەی پۆل لەسەر لایەنی دەروونی قوتابی.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوە(Research Hypotheses)**

١- گریمانەی یەکەم (سەبارەت بە جیاوازییەکان):
جیاوازیی واتاداری ئاماری لە ئاستی ڕەنگدانەوەکانی چالاکیی دەرەوەی پۆلدا هەیە کە بگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان وەک (ڕەگەز، جۆری قوتابخانە).
٢- گریمانەی دووەم (سەبارەت بە لایەنی دەروونی ):
چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، کاریگەرییەکی ئەرێنی و واتاداری ئامارییان لەسەر لایەنی دەروونی قوتابیان هەیە.

**چوارچێوەی تیۆری و چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**٢- ڕەنگدانەوە دەروونییەکان (Psychological Reflections/Repercussions) :**

ڕەنگدانەوە دەروونییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەو پرۆسەیە پێناسە دەکرێن کە تێیدا ڕووداوە دەرەکییەکان و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر پێکهاتەی دەروونی و ڕەفتاری تاک جێدەهێڵن. چارلز هۆرتن کوڵی جەخت لەوە دەکاتەوە کە خودی مرۆڤ بەرهەمی ڕەنگدانەوەی ئەو وێنانەیە کە لە چاوی کەسانی تردا دەیبینێت واتە مرۆڤ وێنای خۆی بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی کۆمەڵگە بونیاد دەنێت. واتا ڕەنگدانەوەی دەروونی بارودۆخێکە لە کارلێکی نێوان تاک و دەوروبەرەکەی، کە تێیدا ڕووداو و بارودۆخە دەرەکییەکان وەردەگێڕدرێن بۆ وەڵامدانەوەی ناوەکی و کاریگەریان دەبێت لەسەر دروستبوونی کەسایەتی و ئاراستەکردنی ڕەفتار و دیاریکردنی جۆری هاوسەنگی دەروونی تاک.

(Charles Horton Cooley, 1902, p. 152). کارڵ ڕۆجەرز (Carl Rogers) پێی وایە ڕەنگدانەوە دەروونییەکان پرۆسەیەکە کە تێیدا تاک ئەو ئەزموونانەی لە ژینگەی دەرەکییەوە بەدەستی دەهێنێت، لە ناو "وێنای خود(Self-concept)"ی خۆیدا ڕێکیان دەخاتەوە. ئەم ڕەنگدانەوانە ئەگەر لەگەڵ ڕاستی ناوەکیی تاکدا نەگونجێن، دەبنە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و تێکچوونی هاوسەنگی دەروونی(Carl Rogers, 1951, p. 498). ئەلبێرت باندورا (Albert Bandura) پێوایە کە ڕەنگدانەوە دەروونییەکان وەک پرۆسەیەکی کارلێککارانە لە چوارچێوەی تیۆری حەتمییەتی دوولایەنە دەبینێت. بەپێی ئەم تێڕوانینە، ڕەنگدانەوە دەروونییەکان بریتییە لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەزموون و ڕووداوە دەرەکییەکان بۆ سەر شێوەی نوێنەرایەتی مەعریفی لە ناو مێشکی تاکدا. بەو مانایەی کە مرۆڤ تەنها وەرگرێکی بێدەنگی کاریگەرییە دەرەکییەکان نییە، بەڵکو ئەو ڕووداوانە لە ناو دەروونی خۆیدا ڕێکدەخاتەوە و دەیانکاتە نەخشەیەکی ناوەکی کە لە داهاتوودا بڕیار و ڕەفتارەکانی خۆیانی پێ ئاراستە دەکات. (Albert Bandura, 1986, p. 18)

**٢- پێناسەی چەمکی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل(Extracurricular Activities)**

چالاکی دەرەوەی پۆل ئەو چالاکییانەن کە لەلایەن فێرخوازان لە دەرەوەی پۆل و لە چوارچێوەی پلانی قوتابخانەدا ئەنجام دەدرێت و لەلایەن مامۆستایان و گارگێری قوتابخانە سەرپەرشتی دەکرێت و ئامانجی تایبەتی هەیە لەو چالاکییانە وەك چالاکی وەرزشی و چالاکی کولتووری و چالاکی کۆمەڵایەتی و زانستی چالاکی گەشتی قوتابخانە و چالاکی دیدەوانی و چالاکیەکانی تر لەخۆ دەگرێت. (عرفة ،٢٠١٠: ١١). چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل ئەو چالاکییانەی کە قوتابییان لە دەرەوەی پۆل بۆ تەواوکردن یان بنیاتنانی ئەزموون و لێهاتوویی سەرەتایی پراکتیزەیان دەکەن. قوتابییان لە دەرەوەی پۆل کە لەلایەن مامۆستایانەوە ئەو چالاکییانەیان بۆ دیاری دەکرێت. ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە زیاتر هەر لە چوارچێوەی قوتابخانە ئەنجامدەدرێت . وەک چالاکی وەرزشی و هونەری سەردانی کتێبخانە و تاقیگای زانستی وەک ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی و سەردانی باخچە و کێڵگە بەمەبەستی فێربوونی زیاتر بشێوازی پراکتیکی ئەنجام دەدرێن. وەك تەواوکردنی چالاکییەکانی پۆل، ئەو پراکتیزانەن کە فێرخوازان لە ژێر ڕێنمایی مامۆستادا لە ماوەی تەرخانکراوی پۆلدا ئەنجامی دەدەن، کە بە بەشێک لە وانەکە دادەنرێت. ئەمەش بەشدارە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی مەبەستدار، بە ئامانجی ئەزموونە پێویستەکان لە زانیاری بنەمادار بە کارامەیی و سۆزداریدا .(محمود و مرغني٢٠٢٢: ١٢ ).

لە فەلسەفە و پرۆسەی پەروەردەی هاوچەرخدا، چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل پێگەیەکی یەکجار گرنگیان هەیە و وەک تەواوکەری پرۆگرامی ئەکادیمی سەیر دەکرێن. ئەم چەمکە بەو بەرنامە و چالاکییە ڕێکخراو و ئارەزوومەندانەیە پێناسە دەکرێت کە لەلایەن قوتابخانە و دامەزراوە

پەروەردەییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن، بەڵام دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندنی فەرمی و وانە ڕۆژانەیەکان. ئەم چالاکییانە گەلێک جۆری جیاواز لەخۆ دەگرن، لەوانە: یانە وەرزشییەکان، چالاکییە هونەری و مۆسیقییەکان، گرووپە زانستییەکان، و کاری خۆبەخشیی کۆمەڵایەتی. ئامانجی سەرەکی لەم چالاکییانە تەنها پێدانی زانیاری نییە، بەڵکو ڕەخساندنی ژینگەیەکی پراکتیکییە بۆ دۆزینەوەی بەهرە شاراوەکان و پەرەپێدانی تواناکانی قوتابی لە ڕووی کۆمەڵایەتی، دەروونی و جەستەییەوە.

بە پشتبەستن بە توێژینەوە زانستییەکان، چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل وەک "ژینگەیەکی بنەڕەتیی گەشەپێدان" پێناسە دەکرێن کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر دارشتنی کەسایەتیی قوتابی هەیە. لەم ژینگەیەدا، قوتابیان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت کە بە شێوەیەکی کرداری کارامەییەکانی سەرکردایەتی، چۆنیەتی کارکردنی بەکۆمەڵ لەناو تیمی جیاوازدا، و ڕێکخستنی کات فێر ببن. هەروەها لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە کە ئەو قوتابیانەی بەشداری لەم جۆرە چالاکییانەدا دەکەن، ئاستی پابەندبوونیان بە قوتابخانە بەرزترە، هەستی ئینتیمایان بۆ ژینگەی پەروەردەیی زیاترە، و ڕێژەی دابڕانیان لە خوێندن یەکجار کەمترە بەراورد بەو قوتابیانەی کە بەشداری هیچ چالاکییەک ناکەن (Feldman & Matjasko, 2005: 160-161).

**پۆلێنکردنی جۆرەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانیان**

لە بواری پێداگۆجی و پەروەردەدا، چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل بریتین لەو چالاکییانەی کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندنی ئاسایی قوتابخانەکان، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان ئامانجەکانی خوێندن دەپێکن. بە پشتبەستن بە توێژینەوەی ماسۆنی، (Massoni, 2011). کە یەکێکە لە توێژینەوە باوەڕپێکراوەکان لەم بوارەدا، ئەم چالاکییانە پرۆسەیەکی تەواو ئارەزوومەندانەن کە دەرفەت بە قوتابیان دەدەن زانیارییەکانی ناو پۆل لە ژیانێکی دیموکراسی و پراکتیکیدا جێبەجێ بکەن. بەپێی هەمان سەرچاوە، دەتوانرێت جۆرەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل دابەش بکرێن بەسەر ئەم پۆلێنانەی خوارەوەدا (Massoni, 2011: 84).

١- چالاکییە وەرزشییەکان(Sports and Athletic Activities)

لە ڕوانگەی پێداگۆجییەوە، وەرزش و یارییە بەکۆمەڵەکان بە یەکێک لە کۆنترین و بەربڵاوترین جۆرەکانی چالاکیی دەرەوەی پۆل دادەنرێن کە ئامانجیان پێگەیاندنی هاوسەنگ و یەکگرتووی فێرخوازانە لە هەردوو ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە. ئەم چالاکییانە تەنها پرۆسەیەکی کێبڕکێی سادە نین، بەڵکو ژینگەیەکی پەروەردەیین بۆ فێربوونی دیسپلین، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی متمانەبەخوود و ڕێزگرتن لە خود (Massoni, 2011: 84). لە لایەکی ترەوە، توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشیەکانی وەك توپێ و یارییە جەستییە جۆراوجۆرەکان کە وەك بوارێکی پەروەردەیی ئامانجی پەروەردەکردنی گەنجانە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و یەکگرتوو، چ لە ڕووی جەستەیی و چ لە ڕووی دەروونییەوە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێت لە بونیادنانی ڕۆحی هەرەوەزی و هاوکاری و کێبڕکێی ڕێزدار لە نێوان قوتابییان.(کاظم، ٢٠١٩: ٣٨٧). هاوکات، ئەم جۆرە چالاکییانە قوتابیان فێری چۆنیەتی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ فشاری دەروونی دەکەن، تواناکانی سەرکردایەتییان تیادا گەشە پێدەدەن، و یارمەتییان دەدەن بۆ دروستکردنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی

فراوان لە دەرەوەی ژینگەی ئەکادیمی ناو پۆل.(Eccles et al., 2003: 866) . بۆیە چالاکییە وەرزشی و جەستەیەکان وا دەکەن قوتابیان فێری دیسپلین، بەرپرسیارێتی، و جێبەجێکردنی ئەرکەکان ببن بە شێوەیەکی دروست و رێکخراو، ئەمەش راستەوخۆ متمانەبەخوود و رێزگرتن لە خود لای قوتابی بەرز دەکاتەوە.

٢- چالاکی زانستی: ئەم چالاکیە رێگە بە قوتابییان دەدات بەدواداچوون بۆ خولیاکانی خۆیان بکەن لایونی زانستی خۆیان بەهێزتر بکەن، ئەمەش وادەکات فێرخواز رۆحی لێکۆڵینەوەی زانستی پەرەپێبدات و لە توانای بیرکردنەوەی لۆژیکیدا راهێنانی پێبکات. هەروەها یارمەتی قوتابییان دەدات توانا و بەهرە زانستی و کارپێکراوەکانیان بە شێوەیەکی سەرنجراکێش لە رێگەی تاقیکردنەوە و سەردانی تاقیگە و باخچەکان بۆ بینینی درخت زیندەوەران و پیشاندانی بوارە زانستییەکان بۆ بە هێزکردنی زانیاری قوتابییان. (کاظم، ٢٠١٩: ٣٨٧).

٣- چالاکییە هونەری و مۆسیقییەکان: (Art, Music, and Drama) ئەم جۆرە چالاکییانە بوارەکانی مۆسیقا، وێنەکێشان و شانۆ دەگرنەوە. بەشداریکردن لەم بوارانەدا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هەستی داهێنان لای قوتابیان و بونیادنانی لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتییان بە شێوەیەکی تەندروست.

٤- چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لە وانەی کۆمەڵایەتییەکاندا (مێژوو و جوگرافیا)

لە روانگەی پێداگۆجییەوە، وانەی کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە تیۆری ناو پۆلدا سنووردار ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە ژینگەیەکی فێربوونی مەیدانی هەیە بۆ بەستنەوەی زانیارییەکان بە واقیعەوە. لەم چوارچێوەیەدا، چالاکییەکانی ئەم بابەتە دابەش دەبن بەسەر دوو لایەنی سەرەکیدا:

١- چالاکییەکانی پەیوەست بە وانەی مێژوو: ئەم چالاکیانە مێژوو لە زانستێکی تیۆرییەوە دەگۆڕن بۆ ئەزموونێکی زیندوو. گەشتە مەیدانییەکان بۆ شوێنەوارە دێرینەکانی وەک قەڵا و منارەی هەولێر یان مۆزەخانەی نەتەوەیی،( (پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی، ٢٠٢٠: ٨٥-٨٨). لەگەڵ بینینی بەڵگەفیلم و بەشداریکردن لە شانۆگەرییە مێژووییەکاندا، یارمەتی قوتابیان دەدەن رووداوەکانی رابردوو بە واقیع گرێ بدەن و لێی تێبگەن. لە لایەکی ترەوە، سەردانی مەیدانی بۆ دامەزراوەکانی وەک پەرلەمان، دادگا، شارەوانییەکان، و ناوەندە رۆشنبیرییەکان، قوتابی بە رۆڵ و ئەرکی ئەم دامەزراوانە لەناو کۆمەڵگەدا ئاشنا دەکات (الصقور، ٢٠٠٩: ٧٠).

٢- چالاکییەکانی پەیوەست بە وانەی جوگرافیا: لەبەر ئەوەی جوگرافیا زانستی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەیە، گەشتە مەیدانییەکان بۆ ناوچە سروشتییەکانی وەک چیا، رووبار، و بەنداوەکان، دەرفەتی تێگەیشتنی قووڵتر و بینینی راستەوخۆی دیاردەکان دەرەخسێنن. هەروەها، سەردانیکردنی سەنتەرەکانی کەشناسی و رێکخراوە ژینگەییەکان، و ئەنجامدانی پرۆژەی نەخشەی کارلێککار، هۆشیاریی ژینگەیی لای قوتابی بەرز دەکەنەوە و بە شێوەیەکی پراکتیکی فێری چۆنیەتیی کۆکردنەوەی زانیاری و پاراستنی ژینگەی دەکەن (پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی، ٢٠٢٠: ٨٥-٨٨).

٥-چالاکییە کولتووری، رۆشنبیری و بۆنە نیشتمانییەکان (Cultural and National Events)

ئەم جۆرە چالاکییانە کۆمەڵێک بەرنامەی ئارەزوومەندانەن کە لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن و دەکەونە دەرەوەی خشتەی وانە فەرمییەکان. لە روانگەی پێداگۆجییەوە، چالاکییەکانی وەک (رێزبوون لە گۆڕەپانی قوتابخانە، فێستیڤاڵەکان،

پێشبڕکێی شیعر و وتاردان و بۆنە و یادە نیشتیمانییەکان.). ئامرازی کاران بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەبەخوود و توانای دەربڕین لای قوتابیان (العمري، ٢٠٢٠: ٣٢؛ سلوان و جمال، ٢٠١٤: ٤١). لەگەڵ ئەوەشدا، چالاکییە مۆسیقی و شانۆییەکان دەبنە هۆی گەشەپێدانی هەماهەنگیی جەستەیی و سۆزداری و دروستکردنی کەشێکی ئاسوودە و دڵخۆشکەر (اسكندر، ٢٠٢٣: ٢٩). هاوکات، یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکانی وەک (ڕۆژی ئاڵا، ڕۆژی جلی کوردی، و نەورۆز) لەگەڵ سەردانی مەیدانی بۆ مۆزەخانەکان، ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە چەسپاندنی هەستی ئینتیمای نیشتمانی، ڕێزگرتن لە کلتوور، و بونیادنانی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی هۆشیار کە توانای تێکەڵاوبوونی تەندروستی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەبێت (وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢٣).

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەڕای جیاوازیی جۆرەکانی ئەم چالاکییانە، هەموویان پێکەوە کار دەکەن بۆ دوورخستنەوەی قوتابیان لە ڕەفتاری نەخوازراو، بەتایبەت لەو کاتانەی کە قوتابی لە دەرەوەی چاودێریی خێزانە. هەروەها ئەم چالاکییانە دەبنە هۆی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێز لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕەنگە لە دەرەوەی ئەم چالاکییانەدا هەرگیز نەبنە هاوڕێ، بەمەش ئاستی قبوڵکردنی یەکتری و گونجانی کۆمەڵایەتی دەگاتە لوتکە.(Massoni, 2011: 84-86) .

تێڕوانین و بۆچوونی توێژەر سەبارەت بە ڕەنگدانەوە دەروونییەکان.

لە دیدگای توێژەرەوە، سەرجەم ئەم جۆرانەی چالاکیی دەرەوەی پۆل، سەرەڕای جیاوازییان لە شێوە و ناوەڕۆکدا لە یەک خاڵی جەوهەریدا یەکدەگرنەوە، ئەویش خزمەتکردن و پاراستنی تەندروستیی دەروونیی قوتابییە. توێژەر پێی وایە کە ئەم چالاکییانە وەک دەرچەیەکی دڵخۆشی ئارامبەخش کاردەکەن بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو فشارە ئەکادیمی کە لەناو پۆلدا کەڵەکە دەبێت، بەشداریکردنی ئارەزوومەندانە لەم ژینگە هەمەجۆرانەدا وەك چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل قوتابی هەستی بە دڵخۆشی دەکات .هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ ناکات.بەمەش متمانەی زیاتر بەخۆی و تواناکانی خۆی بەرز دەبێتەوە، وەهەروەها یارمەتیدەرێکی سەرەکی دەبێت بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی سەقامگیریی دەروونی و بونیادنانی کەسایەتییەکی هاوسەنگ

**میتۆدۆلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە: (منهجية البحث وإجراءاته الميدانية).**
**وەسفی کۆمەڵگەی توێژینەوە و تایبەتمەندیە کەسییەکانی بەشدارانی توێژینەوە**
**١- میتۆدۆلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە**
**٢- کۆمەڵگەی توێژینەوە.**
**٣-نمونەی توێژینەوە.**
**٤ -ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان) کە لای تۆ ڕاپرسییە.(Questionnaire -**
**٥- ڕاستگۆیی و جێگیریی ئامرازەکە.(Validity and Reliability)**
**٦- تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و کەسییەکانی نمونەی توێژینەوەکە.**
**٧-ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان) بەرنامەی.(SPSS**

ئەم بەشە دیاری کراوە بۆ خستنەڕووی ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە، کە تێیدا توێژەر بە شێوەیەکی ورد باس لە میتۆدی بەکارهاتوو و دیاریکردنی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە دەکات و شێوازی هەڵبژاردنی نمونەکە، و ئەو ئامرازانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهاتووە .

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە(Research Methodology)**

به مەبەستی بەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەبارەت بە (ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لای قوتابیانی بنەڕەتی)، توێژەر پشتی بە ڕێبازی) وەسفیی ڕووپێوی شیکاری Descriptive Analytical Survey - Method)بەستووە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گونجاوترین میتۆدە بۆ لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان، چونکە تەنها بە وەسفکردنی دیاردەکە ناوەستێت، بەڵکو لە ڕێگەی دابەشکردنی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی زانیارییەکانەوە، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی داتاکان بە مەبەستی دەرخستنی کاریگەرییەکان و گەیشتن بە دەرەنجامی زانستیی باوەڕپێکراو.
لەبەر تایبەتمەندی ئەم توێژینەوەیە کە ئامانجی دەستنیشانکردنی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلە، میتۆدی وەسفی شیکاری (Descriptive-Analytical Method)بەکارهێنراوە. ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی وورد و قوڵت لەدیاردەکە دەکۆڵێتەوە بۆ شیکردنەوە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. (العساف، ٢٠١٢: ٨٩). ئەمەش گونجاوترین میتۆدە بۆ توێژینەوە مەیدانییەکان کە ڕووپێوی (Survey) بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان (Bryman, 2016: 169). وە بۆ جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکارهێنراوە. وەک (لیدی و ئۆرمرۆد) ئاماژەی پێ دەدەن، میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە بریتییە لەو ئاراستە گشتییەی کە توێژەر دەیگرێتەبەر لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژەی توێژینەوەکەدا ( Leedy & Ormrod, 2015, p. 101). لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی بەستراوە کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەکی تێبینی کراو، یان گەڕان بەدوای پەیوەندییە ئەگەرەکان لە نێوان دوو دیاردە یان زیاتر، بە جۆرێک کە توێژەر سەیری بارودۆخەکە دەکات وەک ئەوەی کە هەیە بەبێ دەستکاری کردنی ( Leedy & Ormrod, 2015, p. 177). لایەنی شیکاری لەم توێژینەوەیەدا خۆی لە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان دەبینێتەوە بۆ لێکدانەوەی داتاکان و گەیشتن بەو ئەنجامە زانستییانەی کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەدەنەوە. بۆیە میتۆدی وەسفی شیکاری ڕێگایەکی زانستییە کە تەنها بە دیاریکردنی بارودۆخی دیاردەکە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان دەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان و گەیشتن بە گشتاندنێکی زانستی ( Scientific Generalization) کە یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتن و پێشبینیکردنی دیاردەکە لە داهاتوودا. (الحمودي، ٢٠١٩ : ٤٧). ڕێبازی وەسفیی شیکاری ئەو میتۆدەیە کە لە دیاردەیەکدا دەکۆڵێتەوە وەک ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە. کە لە سەر بنەمایی دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەك و پێشاندانی شروشتی دیاردەیەك و جۆری پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان و هۆکارەکانی بابەتەکە کار دەکات . گرنگی بە وەسفکردنی ورد و دەربڕینی چۆنایەتی یان چەندایەتی دەدات. وەسفی کردن و تایبەتمەندییەکانی ڕوون دەکاتەوە، بە شوازی ژمارەیی و پلەی پەیوەندیی دیاردەکە لەگەڵ دیاردەکانی دیکە.

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە(Research Population) :**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەو قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر سەر بە پەروەردەی ناوەندی هەولێر کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە و ئەنجامەکانی بەسەردا گشتگیر کراوە. وە بە تایبەت کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سەرجەم قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی (ئەهلییەکانی) سنووری شاری هەولێر. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قوتابیان لەم قۆناغەدا کە قۆناغێکی هەستیار و گرنگە و کۆمەڵێك گۆڕانکاری بایە لۆجی و جەستەی تێدا ڕوودەدات.وە لەم تەمەنییەدا زیاتر هەست



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکرێت لە ڕێگەی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلەوە.

**سێیەم: نمونەی توێژینەوە و شێوازی هەڵبژاردنی(Research Sample)**

لەبەر ئەوەی قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گەورەیە ، توێژەر پەنای بردووەتە بەر وەرگرتنی نمونەیەکی نوێنەرایەتیکردن. بۆیە قەبارەی کۆتایی نمونەکە پێکهاتووە لە (٤٢٠) قوتابی کە لە (٢١٠) ی کوڕان و(٢١٠)ی کچان پێکدێت. کە لە (٢٠) قوتابخانەی بنەڕەتیی جیاوازی شاری هەولێر وەرگیراون. کە (١٧)، قوتابخانەیان حکومین و (٣) قوتابخانەیانناحکومی بوون. کە پشتی بەستن بە بنەمای ڕێژەی زۆرینەوەرگرتی ڕێژەی قوتابییان لە قوتابخانەحکومی و ناحکومی. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نمونەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەکە بکات، توێژەر پشتی بە شێوازی) نمونەی هەڕەمەکیی چینایەتی Stratified Random - Sample)بەستووە، و دابەشبوونی نمونەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخراوە:

١- دابەشبوون بەپێی قۆناغ و ڕەگەز: نمونەکە قوتابیانی پۆلەکانی (٧، ٨، ٩)ی بنەڕەتی لەخۆ گرتووە. بۆ هەر ئاستێکی قۆناغی خوێندن (١٤٠) قوتابی وەرگیراوە، کە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش کراون بەسەر (٧٠) کوڕ و (٧٠) کچ. بەمەش یەکسانییەکی تەواو لە نێوان ڕەگەزەکاندا لەخۆدەگرێت کە کۆی گشتیی نمونەکە بریتییە لە (٢١٠ کوڕ و ٢١٠ کچ).

٢- دابەشبوون بەپێی جۆری قوتابخانە: لەسەر بنەمای ڕێژەی زۆرینەی بوونی قوتابیان لە کەرتی پەروەردەدا، توێژەر (١٧) قوتابخانەی حکومی و (٣) قوتابخانەی ناحکومی بۆ پرۆسەی دابەشکردنەکە هەڵبژاردووە. لە ئەنجامدا، (٣٦٠) قوتابی لە قوتابخانە حکومییەکان و (٦٠) قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان وەک نمونەی کۆتایی وەرگیراون.

**چوارەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان(Research Instrument)**

بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئامرازی )ڕاپرسی(Questionnaire - ی وەک ئامرازی سەرەکی بەکارهێناوە. فۆرمی ڕاپرسییەکە بە پشتبەستن بە پێوەری پێنجیی لایکەرت (Likert Scale) دارێژراوە کە بژاردەکانی بریتین لە (بە تەواوی هاوڕام، هاوڕام، هەندێ جار هاوڕام، هاوڕا نیم، هەرگیز هاوڕا نیم). ڕاپرسییە بنەڕەتییەکە لە ڕووی پێکهاتەوە لە (٥٢) برگە پێکهاتبوو، بەڵام بەپێی پێداویستی و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، دابەشکاریی برگەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخراوە:

١- بەشی یەکەم (زانیارییە دیمۆگرافییەکان): پێکهاتووە لە (٣) برگە کە تایبەتن بە کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکانی وەک ڕەگەز، پۆل، و جۆری قوتابخانە.

٢- بەشی دووەم (برگەکانی توێژینەوە): ڕاپرسییە بنەڕەتییەکە (٤٩) برگەی گشتیی لەخۆگرتبوو، بەڵام بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە و بەپێی ناونیشانەکە، تەنها پشت بە (٣١) برگە بەستراوە کە دابەش دەبن بەسەر دوو تەوەردا: تەوەری یەکەم (١٣) برگە بۆ جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، و تەوەری دووەم (١٨) برگە بۆ پێوانەکردنی ڕەنگدانەوە دەروونییەکان لای قوتابیان.

**پێنجەم: خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی ئامرازی توێژینەوەکە (Psychometric Properties)**

بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستی و متمانەپێکراویی ئامرازی توێژینەوەکە (ڕاپرسییەکە)، توێژەر هەڵساوە بە پشکنین و هەڵسەنگاندنی هەردوو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەی پێوانەکردن، کە بریتین لە ڕاستگۆیی و جێگیری، بەم شێوەیەی خوارەوە:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

١- ڕاستگۆیی ئامرازەکە:(Validity)
بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بڕگەکانی ڕاپرسییەکە بە دروستی گوزارشت لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەکەن، توێژەر پشتی بە) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (Face Validity - بەستووە. لەم چوارچێوەیەدا، فۆرمی ڕاپرسییەکە لە قۆناغی سەرەتاییدا خراوەتە بەردەم لیژنەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونناسی بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاویی بڕگەکان، و پاش وەرگرتنی تێبینی و پێشنیارەکانیان، گۆڕانکاریی و داڕشتنەوەی پێویست بۆ بڕگەکان ئەنجام دراوە.
٢- جێگیریی ئامرازەکە:(Reliability)
بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگیریی ڕاپرسییەکە و دڵنیابوون لەوەی کە ئەگەر ئامرازەکە دووبارە بەکاربهێنرێتەوە هەمان ئەنجام دەدات بەدەستەوە، توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی ئاماریی هاوکۆلکەی) ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha - بەستووە. ئەنجامی شیکردنەوەکان ئاستێکی یەکجار بەرزی جێگیرییان نیشان داوە کە سەرووی (٠,٨٠) بووە. بەپێی پێوەرە زانستییەکان، بەدەستهێنانی ئەم ڕێژەیە ئاماژەیەکی زۆر باشە و بە ئاستێکی نایاب و قبوڵکراو دادەنرێت بۆ پێوانەکردن لە لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و مرۆییەکاندا (Nunnally & Bernstein, 1994: 264).

**شەشەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان(Statistical Methods)**

دوای دابەشکردنی ڕاپرسییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان، وەڵامەکان پۆلێن کران و خرانە ناو وەشانێکی پێشکەوتووی بەرنامەی پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) بە مەبەستی ئەنجامدانی شیکردنەوەی زانستی. بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان، توێژەر پشتی بەم پێوەر و تاقیکردنەوە ئامارییانەی خوارەوە بەستووە:
١- ناوەندی هەژماری و لادانی پێوەری :(Mean and Standard Deviation) وەک دوو پێوەری ئاماریی وەسفی بەکارهێنراون بۆ زانینی ئاستی مامناوەند و ڕادەی پەرتەوازەیی یان بڵاوبوونەوەی وەڵامی بەشداربووان بۆ بڕگەکانی ڕاپرسییەکە.
٢- تاقیکردنەوەی تی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ :(Independent Samples T-test) ئەم تاقیکردنەوەیە بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردن و سەلماندنی جیاوازییە ئامارییەکان لە نێوان دوو گرووپی جیاوازدا (بۆ نموونە: بەراوردکردنی کوڕان و کچان، یان قوتابخانەی حکومی و ناحکومی).
٣- شیکردنەوەی جیاوازیی تاکلایەنە :(One-Way ANOVA) ئەم تاقیکردنەوەیە بەکارهێنراوە بە مەبەستی دەرخستن و بەراوردکردنی جیاوازییە ئامارییەکان لە نێوان سێ گروپ یان زیاتردا (بۆ نموونە: بەراوردکردنی ئاراستەی وەڵامی قوتابیانی پۆلەکانی حەوتەم، هەشتەم، و نۆیەم لەگەڵ یەکتر).(Field, 2018: 450)

**خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

لەم بەشەدا، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی زانستیی ورد بۆ بەشدارانی توێژینەوە دەکرێت کە نوێنەرایەتی بژاردەیەک لە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی دەکەن لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر، لەماوەی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ دا. ئەو داتا مەیدانییانە شی دەکرێنەوە کە لە ڕێگەی ئامرازی توێژینەوەکەوە لە (٤٢٠) قوتابیی قۆناغی بنەڕەتی کۆکراونەتەوە. بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان، داتاکان لە ڕێگەی بەرنامەی پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) شیکردنەوەیان بۆ کراوە. خستنەڕووی ئەنجامەکان بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا دابەش کراوە؛ تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ ئامارە وەسفییەکان (ناوەندی هەژماری و لادانی پێوەری) بە مەبەستی دیاریکردنی ئاستی ڕەنگدانەوە

کۆمەڵایەتییەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل. تەوەری دووەمیش تایبەت کراوە بە شیکردنەوە ئامارییە دەرەنجامییەکان (وەک تاقیکردنەوەی تی و شیکردنەوەی جیاوازیی تاکلایەنە) بۆ سەلماندن و تاقیکردنەوەی گریمانەکان بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی ناو توێژینەوەکە

وەك لەسەرەتاوە ڕوونمان کردەوە، بەشدارانی توێژینەوە نوێنەرایەتی بژاردەیەک لە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی دەکەن لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر، لەماوەی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ دا. کە پرۆسەی هەڵبژاردنیان بە شێوەی گشتگیر ئەنجامدراوە، کە ئەوەش لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا دەگونجێت، لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان کە لەرێگەی فۆرمی پرسیارنامە بەدەستهاتوون. ژمارەی فۆرمی شیاو بۆ شیکاری بریتین لە (٤٢٠)، لەم ڕوانگەیەوە تایبەتمەندیە کەسییەکانی بەشدارانی توێژینەوە لەم خشتەی خوارەوەدا نیشاندراون:

**خشتەی (١): دابەشکردنی وەڵامدەرەوەکان بەپێی ڕەگەز، جۆری قوتابخانە و پۆل**

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | کۆی بەشداران |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەزی قوتابیانی بەشداربوو | نێر | ٢١٠ | ٥٠ | ٤٢٠ |
| | مێ | ٢١٠ | ٥٠ | |
| جۆری قوتابخانە | حکومی | ٣٦٠ | ٨٥,٧ | ٤٢٠ |
| | ناحکومی | ٦٠ | ١٤,٣ | |
| پۆلەکان | پۆلی ٧ | 140 | 33.3 | ٤٢٠ |
| | پۆلی ٨ | 140 | 33.3 | |
| | پۆلی ٩ | 140 | 33.3 | |

**سەرچاوە:** توێژەر بە پشتبەستن بە داتای فۆرمی پرسیارنامە و ئەنجامەکانی SPSS

١- **ڕەگەز:** لە خشتەی (١)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەشدارانی توێژینەوە بەگوێرەی ڕەگەز یەکسانە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، بەو پێیەی ڕێژەی هەریەکێکیان (٥٠%)، واتە (٢١٠) قوتابی بۆ هەر ڕەگەزێك.

٢- **جۆری قوتابخانە:** ئەنجامەکان بەڕوونی نیشانی دەدەن کە زۆربەی بەشداران لە قوتابخانەی حکومی بوون کە ڕێژەی (٨٥,٧%)یان پێکهێناوە، واتە (٣٦٠) قوتابی، دواتر قوتابخانەی ناحکومی دێت، کە ڕێژەی سەدی ئەوان (١٤,٣%)، واتە (٦٠) قوتابی.

٣- **پۆلەکان:** لەخشتەی (١)دا بۆمان دەردەکەوێ کە قوتابیانی بەشدار لە توێژینەوەکەدا لە پۆلەکانی حەوت تاکوو نۆ یەکسانی بەشداربوون، بە ڕێژەی (٣٣,٣%)، واتا ١٤٠ قوتابی لە هەر پۆلێك، کە ئەوەش نوێنەرایەتی یەکسانی پۆلەکان دەکات.

**شیکاری ئەلفا کرۆنباخ**

بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاستی متمانەکردن بە ئەنجامی داتاکان، کە لەرێگەی فۆرمی پرسیارنامەوە کۆکراونەتەوە، شیکاری ئەلفا کرۆنباخ ئەنجامدراوە، ئەوەش وەك هەنگاوێکی پێویست پێش تاقیکردنەوەی گریمانەکان، کە مەبەست زانینی ڕێژەی متمانەپێکراوی فۆرمی پرسیارنامەکەیە،

کە ئایا ئەم پرسیارنامەیە هەمان ئەنجامدەدات ئەگەر هاتوو زیاتر لە جارێک لە ژێر هەمان بارودۆخدا دابەش بکرێتەوە.

**خشتەی (٢): ئەنجامی ئەلفا کرۆنباخ بۆ پێوانەکردنی متمانەی فۆرمی پرسیارنامە.**

| Reliability Statistics | | |
|---|---|---|
| گۆڕاوەکان | ژمارەی پرسیارەکان<br>N of Items | ئەلفا کرۆنباخ<br>Cronbach's Alpha |
| **جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل** | ١٣ | 0.716 |
| **ڕەنگدانەوەی دەروونی** | ١٨ | 0.871 |
| **بەهای گشتی** | **31** | **0.922** |

**سەرچاوە:** لە ئامادەکردنی توێژەر بە پشتبەستن بە داتای فۆڕمی پرسیارنامە و ئەنجامەکانی SPSS

لە ئەنجامەکانی خشتەی (٢)دا دەردەکەوێت کە بەهای ئەڵفا کرۆنباخ بۆ هەردوو گۆڕاوی توێژینەوە بەرزە، بۆ گۆڕاوی جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل (0.716)، لەکاتێکدا بۆ ڕەنگدانەوەی دەروونی گەیشتە (0.871) کە بەهەمان شێوە لەئاستی بەرزدایە. هاوکات بۆ گشت پرسیارەکانی فۆڕمی پرسیارنامەکە گەیشتە (0.922) واتا بەهای گشتی بۆ گۆڕاوەکان بەسەریەکەوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای هەریەکیان زیاترە لە (٠,٦٠)، کەواتا ئەو داتایانەی لەڕێگەی فۆڕمی پرسیارنامەوە کۆکراونەتەوە شیاون بۆ شیکردنەوەی ئاماری و متمانەکردن بە ئەنجامەکان.

**وەسفی گۆڕاوەکانی توێژینەوە**

لەم تەوەرەدا گۆڕاوەکانی توێژینەوە وەسفکراون، لە ڕێگەی شیکردنەوەی بۆچوونی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر. توێژینەوەی ئێستا دوو گۆڕاوی لە خۆگرتووە: یەکەم جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل وەک گۆڕاوە سەربەخۆ، دووەم ڕەنگدانەوەی دەروونی وەک گۆڕاوە وابەستە. ئامانج لە وەسفکردنی گۆڕاوەکان دەستنیشانکردنی ئاستی ئەنجامدانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلە و زانینی ڕەنگدانەوەی دەروونی لای قوتابیانی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر. لەم توێژینەوەیەدا پێوەرەکانی پێنج خاڵی لیکێرت بەکارهاتووە بۆ لێکدانەوەی ناوەندی ژمێریاری، بەپێی ئەم ئاستانەی خوارەوە: زۆر لاواز (١,٠٠-١,٧٩)، لاواز (١,٨٠-٢,٥٩)، قبوڵکراو (٢,٦٠-٣,٣٩)، باش (٣,٤٠-٤,١٩)، زۆر باش (٤,٢٠-٥,٠٠).

**وەسفی جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل**

**خشتەی (٣) ئەنجامەکانی ناوەندی هەژماری، لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی هاوڕابوون تایبەت بە جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل**

| گۆڕاوەکان | ناوەندی هەژماری Mean | لادانی پێوەری Std. Deviation | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|
| بەشداری لە چالاکییە زانستییەکانی دەرەوەی قوتابخانە دەکەم | **3.93** | 1.401 | **78.6** |
| بەشداری چالاکییە وەرزشیەکانی دەرەوەی قوتابخانە دەکەم | **4.24** | 1.184 | **84.8** |
| بەشداری لە چالاکییە هونەرییەکان | **3.71** | 1.262 | **74.2** |
| بەشداری لە چالاکییە گەشتیاریەکانی دەرەوەی قوتابخانە دەکەم | **3.93** | 1.491 | **78.6** |
| حەزم لەئاهەنگ و یادە نیشتمانییەکانە | **4.35** | 1.072 | **87** |
| بەشداری لە چالاکییە ژینگەییەکان دەکەم | **3.96** | 1.173 | **79.2** |
| بەشداری لە ڕاوەستانی گۆڕەپانی قوتابخانە بۆ وتاری مامۆستایان و بەرزکردنەوەی ئاڵا و گۆرانی و سرودە نیشتمانیەکان ناکەم. | **3.87** | 1.518 | **77.4** |
| سەردانی کتێبخانەی قوتابخانە دەکەم بۆ خوێندنەوەی کتێبی جاوازتر بە پێی خواستی خۆم | **3.51** | 1.353 | **70.2** |
| بە حەز و ویستێکی زۆرەوە بەشداری لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل دەکەم وەکو (وەرزش). | **4.28** | 1.115 | **85.6** |
| کاتێك بەشداری لە چالاکییەکانی قوتابخانە دەکەم بەویستی خۆمە | **4.33** | 1.078 | **86.6** |
| سەرەڕای سەرقاڵیم بە وانەکانمەوە، کاتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان تەرخان دەکەم. | **4.09** | 1.131 | **81.8** |
| لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلدا ئەرك و بەرپرسیاریەتی دەگرمە ئەستۆ | **3.98** | 1.220 | **79.6** |
| لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلدا هەوڵ دەدەم ڕۆڵی باشم هەبێت بۆ سەرکەوتنی گروپەکەم. | **4.50** | ٠.926 | **90** |
| **جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل** | **4.053** | ٠.588 | **81.06** |
| **ژمارەی بەشدارانی توێژینەوە Valid N (listwise) 420** | | | |

## شیکردنەوەی ئەنجامەکانی خشتەی (٣)

ئەم خشتەیە وەسفی ئاماریی (Descriptive Statistics) دەخاتە ڕوو سەبارەت بەو ١٣ برگەی کە تایبەتە بە جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل نیشان دەدات، کە لەسەر بژاردەی توێژینەوەکە کە لەسەر (٤٢٠). قوتابی ئەنجامدراوە. بە گشتی ئاستی بەشداری و حەزی قوتابییان بۆ ئەم چالاکییانە بەرز هەژمار دەکرێت.

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە، برگەی (لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلدا هەوڵ دەدەم ڕۆڵی باشم هەبێت بۆ سەرکەوتنی گروپەکەم) بەرزترین ناوەندی هەژماری بەدەست هێناوە کە (٤,٥٠) ە و ڕێژەی سەدی هاوڕابوونی (٩٠%) . بووە کە بە پلەی یەکەم دێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە قوتابییان لەم قۆناغەدا گرنگی بە کارکردنی گروپی و سەرکەوتنی هاوبەش دەدەن کەبە حەزێکی زۆریان بۆ خۆ سەلماندنی و کارکردن لەناو گرووپدا هەیە و دەیانەوێت وەک ئەندامێکی کارا و کاریگەر دەربکەون، کە ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ بەشداریکردنیان بەهەستێکی بەرزی بەرپرسیارییەتی و کارکردنی بەکۆمەڵ. هەروەها دووەم برگە کە ئاستێکی بەرزی هەیە و بە پلەی دووەم دێت لە برگەی (حەزم لە ئاهەنگ و یادە نیشتمانییەکانی وەکو ئاهەنگی نەورۆز، ڕۆژی ئالا، ڕۆژانی جلی کوردی دەکەم ). بە ناوەندی هەژماری (٤,٣٥) و ڕێژەی سەدی هاوڕابوونی (٨٧%) . دێت، کە نیشانەی گرنگی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانییە لای قوتابییان. وە ئاماژەیە بۆ ئەوەی قوتابیان ئاراستەیەکی ئەرێنیان هەیە بۆ بەشداری لە بۆنە و چالاکییە نیشتمانییەکان. وە ئەم برگەیە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە چالاکییەکان کاتێک پەیوەست دەبن بە بۆنە نیشتمانییەکان و ووتاری مامۆستاییان و بە ڕێوەبەر لە گۆرەپانی قوتابخانە و قوتابییان بەحەزێکی زۆرەوە ئامادە دەبن، بۆیە ئاستی بەشداریکردن تێیاندا بەرز دەبێتەوە.

نزمترین نمرە: برگەی (سەردانی کتێبخانەی قوتابخانە دەکەم بۆ خوێندنەوەی کتێبی جیاوازتر) نزمترین ناوەندی هەژماری هەیە کە (٣,٥١) و ڕێژەی (٧٠,٢%)، هەرچەندە ئەم نمرەیەش لە ڕووی زانستییەوە بە باش دادەنرێت، بەڵام بەراورد بە چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکان کەمترە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم تەمەنەی قوتابییانی بنەڕەتی کەمتر هۆگری خویندنەوەن بە براورد بە بواری چالاکییەکانی تر کەبە بەراورد بە چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکان کەمترە. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی جووڵاو و پڕ وزەی قوتابیانی ئەم قۆناغە کە زیاتر ئارەزوویان بۆ ئەو چالاکیانە هەیە کە جووڵەی جەستەیی و چالاکییەگەشتیاری و پراکتیکییان کە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی نیوان قوتابییانی تێدایە. هەروەها برگەکانی (کاتێک بەشداری لە چالاکییەکانی قوتابخانە دەکەم بە ویستی خۆمە) بە ناوەندی (٤,٣٣) و (بە حەز و ویستێکی زۆرەوە بەشداری لە چالاکییەکان دەکەم وەک وەرزش) بە ناوەندی (٤,٢٨) و ڕێژەی سەدی هاوڕابوونی (٨٦,٦%) و (٨٥,٦%) هاتوون، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاڵنانی ناوخۆیی قوتابیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەشدارییان لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل. ئاستی بەرزی ئەم برگەنە بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە لە چونکە کاتیك قوتابییان بەژداری لە چالاکییەکان دەکات هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەن بە تایبەتب قوتابییانی قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی ئارەزوویەکی زۆریان هەیە بۆ سەلماندنی کەسایەتیی خۆیان و سەربەخۆبوون لە بڕیارداندا. ژینگەی پۆل زۆرجار پابەندە بە کۆمەڵێک یاسای توند و سەپێنراو لەلایەن مامۆستاوە، بەڵام چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل ئەو پانتاییە ئازادەن کە قوتابی تێیدا هەست بە باڵادەستی دەکات بەسەر بڕیارەکانی خۆیدا بۆیە کاتێک بە ویستی خۆی بەشداری دەکات، هەست بە ئاسوودەیی دەروونی دەکات. هەروەها برگەی وەک بەشداری لە چالاکییە وەرزشییەکان بە ناوەندی (٤,٢٤) و ڕێژەی سەدی (٨٤,٨%)، وە برگەی ( سەرەڕای سەرقاڵیم بە وانەکانمەوە کاتی تایبەت بۆ چالاکییەکان تەرخان دەکەم) بە ناوەندی (٤,٠٩) و ڕێژەی سەدی (٨١,٨%). هەروەها برگەکانی بەشداری لە چالاکییە ژینگەییەکان، زانستییەکان و گەشتیارییەکان بە ناوەندی نێوان (٣,٩٣–٣,٩٦) هاتوون، کە ئەمەش نیشان دەدات قوتابیان بە شێوەیەکی باش بەشداری ئەم جۆرە چالاکیانە دەکەن. وە بەرزبوونی ئاستی بەشداری لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

چالاكییە وەرزشییەكان دەگەڕێتەوە بۆ گونجانیان لەگەڵ پێداویستییە جەستەییەكانی قوتابیان وەک دەرچەیەک بۆ کەمکردنەوەی فشاری خوێندن وە بەحەزێکی زۆرەوە كاتی تایبەت بۆ چالاكییەكان تەرخان دەكەن و وەک هاندەرێكی سەركەوتنی ئەكادیمی دەیبینن، نەک ڕێگر كە دەرەنجام ئاستی باشی بەشداری لە چالاكییە زانستی، ژینگەیی و گەشتیارییەكاندا ڕەنگدانەوەی ئەو هەمەجۆرییەیە كە ژینگەی قوتابخانە بۆ پەرەپێدانی ئارەزووەكانیان ڕەخساندوویەتی. بەڵام لە نێوان بڕگەكاندا، بڕگەی (سەردانی كتێبخانەی قوتابخانە دەكەم بۆ خوێندنەوەی كتێبی جیاوازتر بە پێی خواستی خۆم) نزمترین ناوەندی هەژماریی بەدەست هێناوە كە (٣,٥١) ە و ڕێژەی سەدی هاوڕابوونی (٧٠,٢%) ە، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە ئاستی ئاراستەبوونی قوتابیان بۆ بەكارهێنانی كتێبخانە و خوێندنەوەی سەرەكی كەمترە بەراورد بە چالاكییەكانی تری دەرەوەی پۆل.

بە گشتی، ئەنجامەكانی ئەم خشتەیە دەردەخەن كە قوتابیان ئاراستەیەكی ئەرێنی هەیان هەیە بۆ بەشداری لە چالاكییە جیاوازەكانی دەرەوەی پۆل، بە تایبەتی چالاكییە وەرزشی، نیشتمانی و گرووپییەكان. هەروەها ئەم ئەنجامانە پیشان دەدەن كە پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە هانەدانی قوتابیان بۆ سوود وەرگرتن لە كتێبخانە و چالاكییە خوێندنییەكان.

**وەسفی ڕەنگدانەوەی دەروونی**

**خشتەی (٤) ئەنجامەكانی ناوەندی هەژماری، لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی هاوڕابوون تایبەت بە ڕەنگدانەوەی دەروونی**

| گۆڕاوەكان | ناوەندی هەژماری Mean | لادانی پێوەری Std. Deviation | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|
| دوای بەشداریكردن لە چالاكییەكان، بڕوام بە تواناكانی خۆم زیاتر بووە. | **4.20** | 1.095 | **84** |
| بەهۆی بەشداریكرنم لە چالاكییەكانی قوتابخانە متمانەم بە بۆچوونەكانی خۆم زیاتر بووە، | **4.15** | 1.119 | **83** |
| بەهۆی بەشداربوونم لە چالاكییەكانی دەرەوی پۆل زیاتر هەست بە بەها و گرنگی خۆم دەكەم لە نێو هاوڕێكانمدا. | **3.98** | 1.211 | **79.6** |
| كاتێك بەشداری چالاكییەكان دەكەم هەست دەكەم توانای ئەوەم هەیە سەركردایەتی گرووپەكەم بكەم | **4.09** | 1.165 | **81.8** |
| چالاكییەكان یارمەتییان داوم خاڵە بەهێز و لاوازەكانی خۆم بناسم. | **4.08** | 1.100 | **81.6** |
| بەهۆی چالاكییەكانەوە، توانیم ئارەزوو و بەهرە شاراوەكانم وەكو (وەرزش، هونەر، كاری دەستی) بدۆزمەوە. | **4.14** | 1.188 | **82.8** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **80** | 1.156 | **4.00** | بەهۆی چالاکییەکانەوە، فێربووم چۆن ئامانج بۆ ژیانی خۆم دابنێم. |
| **84.8** | 1.034 | **4.24** | بەهۆی بەشداریکردنم لە چالاکییەکاندا، هەست دەکەم کەسایەتییەکی بەهێزم هەیە. |
| **79.6** | 1.296 | **3.98** | بەهۆی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلەوە خۆشەویستیم بۆ قوتابخانە زیاد بووە |
| **78.4** | 1.314 | **3.92** | بەهۆی چالاکییەکانەوە، قوتابخانەکەم وەک ماڵی دووەمی خۆم دەبینم وکەل وپەلەکانی دەپارێزم. |
| **81.2** | 1.238 | **4.06** | هەست دەکەم قوتابخانە شوێنێکی گونجاوە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی بەهرە و تواناکانم |
| **76.8** | 1.256 | **3.84** | بەهۆی چالاکییەکانەوە هەست دەکەم ئەندامێکی گرنگ و کارای قوتابخانەیەم. |
| **78** | 1.209 | **3.90** | بەشدارییکردنم لە چالاکییەکاندا هەستی دڵخۆشی و ئارامییم پێ دەبەخشێت و دڵەڕاوکێم کەمدەکاتەوە. |
| **71** | 1.551 | **3.55** | بەشداریکردن لە چالاکییەکان وای کردووە زیاتر هەست بە ماندوێتی و فشاری دەروونی بکەم. |
| **74.8** | 1.308 | **3.74** | چالاکییەکان وادەکەن لە قوتابخانە هەست بە بێزاری و ماندووبوون نەکەم. |
| **74.6** | 1.669 | **3.73** | لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکاندا، تووڕەیی و بێزاریی ناخم بەتاڵ دەکەمەوە. |
| **72.8** | 1.356 | **3.64** | چالاکییەکان دڵەڕاوکێ و فشاری تاقیکردنەوەکانم لەسەر کەم دەکەنەوە. |
| **73.6** | 1.374 | **3.68** | چالاکییەکان وادەکەن کێشەکانی ڕۆژانەم لەبیر بکەم. |
| **78.792** | ٠.7009 | **3.939** | **ڕەنگدانەوەی دەروونی** |
| **Valid N (listwise) 420 ژمارەی بەشدارانی توێژینەوە** | | | |

**شیکردنەوەی ئەنجامەکانی خشتەی (٤): وەسفی گۆڕاوی ڕەنگدانەوەی دەروونی**

لە ڕێگەی خوێندنەوە و شیکاریی داتاکانی خشتەی (٤)، کە تایبەتە بە تەوەری (ڕەنگدانەوەی دەروونی)ی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لەسەر نمونەی توێژینەوەکە (٤٢٠ قوتابی)، دەردەکەوێت کە تێکڕای گشتیی ناوەندی هەژماری بۆ ئەم تەوەرەیە بریتییە لە (٣,٩٣٩) بە لادانی پێوەری (٠,٧٠٠) و ڕێژەی سەدیی هاوڕابوونی (%٧٨,٧٩). ئەم ئەنجامانە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل کاریگەرییەکی یەکجار ئەرێنی و قووڵیان لەسەر لایەنی دەروونیی قوتابیان هەیە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم ڕەهەندە دەروونییانە، دەتوانین داتاکانی ئەم خشتەیە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن و لێکدانەوەی بۆ بکەین. ل:

**یەکەم: بونیادنانی متمانە بەخۆبوون و بەهێزکردنی خۆناسین(Developing Self-Confidence and Strengthening Self-Discovery**

بەرزترین ناوەندە هەژمارییەکان لەم خشتەیەدا بۆ ئەو بڕگانە تۆمارکراون کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کەسایەتیی قوتابییەوە. بڕگەی (هەست دەکەم کەسایەتییەکی بەهێزم هەیە) لە پلەی یەکەمدا دێت بە ناوەندی (٤,٢٤) و ڕێژەی (٨٤,٨%)، بەدوایدا بڕگەکانی (دوای بەشداریکردن لە چالاکییەکان، بڕوام بە تواناکانی خۆم زیاتر بووە.) بە ناوەندی (٤,٢٠) و (بەهۆی بەشداریکرنم لە چالاکییەکانی قوتابخانە متمانەم بە بۆچوونەکانی خۆم زیاتر بووە ) بە ناوەندی (٤,١٥) دێن. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، ئەمە بەڵگەیەکی سەلمێنەرە کە ژینگەی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل باشترین وێستگەیە بۆ بەرزکردنەوەی باوەڕبەخووبوون .(Self-Efficacy)لەم ژینگەیەدا، قوتابی دوور لە فشاری هەڵسەنگاندنی توندی ئەکادیمی ناو پۆل، دەرفەتی هەیە تواناکانی خۆی بسەلمێنێت و هەست بە بەهای خودی خۆی بکات، ئەمەش ئەمە دەریدەخات کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل یەکێکە ناوەندە بەهێزەکانی دروستکردنی کەسایەتی چونکە چالاکییەکان ڕۆڵی باشیان هەیە لە بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوونی قوتابیان.

**دووەم: دۆزینەوەی بەهرە شاراوەکان و دیاریکردنی ئامانج (Discovering Hidden Talents and Goal Setting)**

بڕگەکانی بەهۆی چالاکییەکانەوە، توانیم ئارەزوو و بەهرە شاراوەکانم خۆم وەکو ( وەرزش، هونەر، کاری دەستی) بدۆزمەوە.بە ناوەندی (٤,١٤) و چالاکییەکان یارمەتییان داوم خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆم بناسم. بە ناوەندی (٤,٠٨)، ئاماژەن بۆ پرۆسەی دۆزینەوەی خود. قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی هەستیارە بۆ دروستبوونی ناسنامەی کەسی، و ئەم چالاکیانە وەک ئاوێنەیەک ڕەنگدانەوەیان هەیە کە قوتابی تواناکانی خۆی تێدا دەبینێتەوە، تا ئەو ئاستەی کە دەتوانێت ئامانج بۆ ژیانی خۆی دابنێت هەروەها وەک لە بڕگەی بەهۆی چالاکییەکانەوە، فێربووم چۆن ئامانج بۆ ژیانی خۆم دابنێم. بە ناوەندی، ( ٤,٠٠). هەروەها کاتێك بەشداری چالاکییەکان دەکەم هەست دەکەم توانای ئەوەم هەیە سەرکردایەتی گرووپەکەم بکەم بە ناوەندی (٤,٠٩) نیشانەی گەیشتنی قوتابییە بە ئاستێکی بەرزی سەقامگیریی دەروونی و باوەڕبوون بە کاریگەرییەکەی لەناو گرووپدا.

**سێیەم: بەهێزکردنی ئینتیما و خۆشەویستی بۆ قوتابخانە (Enhancing School Belonging and Attachment)**

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە بڕگەی (بەهۆی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلەوە خۆشەویستیم بۆ قوتابخانە زیاد بووە و بە هەستێکی خۆشەوە دێم بۆ دەوام) ناوەندی هەژماریی (٣,٩٨)ی بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا بڕگەی (بەهۆی چالاکییەکانەوە، قوتابخانەکەم وەک ماڵی دووەمی خۆم دەبینم و کەلوپەلەکانی دەپارێزم) ناوەندی هەژماریی (٣,٩٢)ی تۆمارکردووە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، بەرزیی ئەم ئامارانە بەڵگەی سەلمێنەری دروستبوونی (هەستی ئینتیما و پەیوەستبوون)ن لای قوتابیان. کاتێک قوتابی لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە هەست بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی دەکات، وێنەی قوتابخانە لە مێشکیدا لە ژینگەیەکی پڕ لە فشاری ئەکادیمییەوە دەگۆڕێت بۆ پەناگەیەکی دەروونیی ئارام و پەسەندکراو. ئەم پەیوەستبوونە سۆزدارییە وادەکات قوتابی نەک تەنها بە حەزەوە ڕوو لە دەوام بکات، بەڵکو هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و وەک ماڵی خۆی پارێزگاری لە ژینگەی قوتابخانەکەشی بکات.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

**چوارەم: کەمکردنەوەی فشار و بەتاڵکردنەوەی سۆزداری (Stress Reduction and Emotional Catharsis)**

بڕگەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ، لەبیرکردنی کێشەکانی ڕۆژانە، و بەتاڵکردنەوەی تووڕەیی، ناوەندەکانیان لە نێوان (٣,٦٤ بۆ ٣,٩٠) بەدەستهێناوە. چالاکییەکان وەک دەرچەیەک (Outlet) کار دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە فشاری ئەکادیمی. لە لایەکی تروە و بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی وەڵامی بەشداربووان، توێژەر بڕگەیەکی نەرێنیی (Negative Item) بەکارهێناوە کە دەڵێت: (بەشداریکردن لە چالاکییەکان وای کردووە زیاتر هەست بە ماندوێتی و فشاری دەروونی بکەم). پاش پێچەوانەکردنەوەی خاڵەکانی ئەم بڕگەیە لە ڕووی ئامارییەوە (Reverse Coding)، دەرکەوت کە ناوەندی هەژمارییەکەی (٣,٥٥)ە. ئەم ناوەندە بەرزە پاش پێچەوانەکردنەوەکە، بەڵگەیەکی زانستیی یەکلاکەرەوەیە کە زۆرینەی هەرە زۆری قوتابیان (نەخێر)یان بۆ ئەم بڕگەیە هەڵبژاردووە و ڕەتیان کردووەتەوە کە چالاکییەکان ببنە هۆی ماندووبوون و فشاری دەروونی. بەپێچەوانەوە، ئەم ئەنجامە پشتڕاستی دەکاتەوە کە بەشداریکردنیان سەرچاوەی ئارامییە نەک سەرچاوەی فشار.

**دەرەنجامی گشتیی خشتەکە**

بە شێوەیەکی گشتی، داتاکانی ئەم خشتەیە ئەوە دەسەلمێنن کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل وێستگەیەکی چارەسەری و هاندەری دەروونین بۆ قوتابیان. لەم ژینگەیەدا، قوتابیان نەک تەنها لە فشارەکانی ناو پۆل ڕزگاریان دەبێت، بەڵکو متمانە بەخوودیان بەرز دەبێتەوە، ناسنامەی خۆیان دەدۆزنەوە، و ئاستی دڵەڕاوکێیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەکات. ئەمەش وادەکات قوتابی لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەتر بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ژیانی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی. بۆیە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر، ڕەنگدانەوەی دەروونیی زۆر ئەرێنییان لای قوتابیان دروست کردووە، بە تایبەت لە ڕەهەندەکانی (بەهێزبوونی کەسایەتی، متمانە بەخۆبوون، و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ).

**شیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە:**

**یەکەم: گریمانەی جیاوازییەکان:**

لەم بەشەدا شیکاری بۆ بوونی جیاوازیی واتاداری ئاماری لە ئاستی ڕەنگدانەوەکانی چالاکیی دەرەوەی پۆلدا کراوە، ئەوەش بەهۆی بوونی جیاوازیی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان وەک (ڕەگەز و جۆری قوتابخانە و پۆلەکان).

**گریمانەی جیاوازی بەگوێرەی ڕەگەز**

**خشتەی (٥) ئەنجامەکانی جیاوازی بەگوێرەی ڕەگەز**

<table>
<tr><th colspan="6">Independent Samples Test</th></tr>
<tr><td colspan="3">t-test for Equality of Means</td><td colspan="2">Levene's Test for Equality of Variances</td><td rowspan="2"></td></tr>
<tr><td>Sig.</td><td>Df</td><td>t</td><td>بەهای</td><td>F</td></tr>
</table>



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | بەهای هەژمارکراو | ئەگەری Sig | بەهای هەژمارکراو | | (2-tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل | Equal variances assumed | **7.257** | **٠.007** | -.280 | 418 | ٠.779 |
| | Equal variances not assumed | | | -.280 | 392.430 | ٠.779 |
| ڕەنگدانەوەی دەروونی | Equal variances assumed | **٠.070** | **٠.791** | -.932 | 418 | ٠.352 |
| | Equal variances not assumed | | | -.932 | 417.915 | ٠.352 |

**خشتەی (٦) ئەنجامەکانی جیاوازی ناوەندی هەژمارەکان بەگوێرەی ڕەگەز (نێر - مێ)**

| Group Statistics | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گۆڕاوەکان | ڕەگەز | N | ناوەندی هەژماری | لادانی پێوەری |
| جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل | نێر | ٢١٠ | 4.0451 | ٠.50844 |
| | مێ | ٢١٠ | **4.0612** | **٠.66009** |
| ڕەنگدانەوەی دەروونی | نێر | ٢١٠ | 3.9077 | ٠.70605 |
| | مێ | ٢١٠ | **3.9714** | **٠.69604** |

**شیکردنەوەی گریمانەی یەکەم: جیاوازییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) بۆ خشتەی ( ٥ و ٦).**

بە مەبەستی زانینی ئەوەی ئایا جیاوازییەکی واتادار هەیە لە نێوان کوڕان و کچاندا سەبارەت بە (جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل) و (ڕەنگدانەوە دەروونییەکان)، بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان توێژەر پشتی بە هەردوو خشتەی (٥) و (٦) بەستووە. خشتەی (٥) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Independent Samples T-test) نیشان دەدات، و خشتەی (٦) تایبەتە بە خستنەڕووی ئامارە وەسفییەکان. ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە شیدەکرێنەوە:

یەکەم: سەبارەت بە گۆڕاوی (جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل)

لە خشتەی (٥)دا و بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی(T-test) ، دەردەکەوێت کە بەهای (t) یەکسانە بە (-٠,٢٨٠) و ئاستی واتاداری (Sig) یەکسانە بە (٠,٧٧٩). لەبەر ئەوەی بەهای (Sig)گەورەترە لە (٠,٠٥)، ئەمە بە ڕوونی دەیسەلمێنێت کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان کوڕان و کچاندا نییە لەسەر ئاستی بەشداریکردنیان لە چالاکییەکاندا. ئەم ئەنجامەش بەتەواوی لە داتاکانی خشتەی (٦)دا ڕەنگ دەداتەوە، کە تێیدا ناوەندی هەژماری بۆ کوڕان (٤,٠٤٥١) و بۆ کچان (٤,٠٦١٢)یە، و وەک دەبینرێت هەردوو ناوەندەکە یەکجار لە یەکتر نزیکن.

**دووەم: سەبارەت بە گۆڕاوی (ڕەنگدانەوەی دەروونی)**

هەر بەپێی داتاکانی خشتەی (٥) و بۆ گۆڕاوی ڕەنگدانەوەی دەروونی، ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-test)نیشانی دەدات کە بەهای (t) یەکسانە بە (-٠,٩٣٢) و ئاستی واتاداری (Sig) یەکسانە بە (٠,٣٥٢). لێرەشدا گەورەیی بەهای (Sig) لە (٠,٠٥) دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەکی واتادار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە سەبارەت بەو ڕەنگدانەوە دەروونییان . کاتێک سەیری خشتەی (٦)یش دەکەین بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمە، دەبینین کە ناوەندی هەژماری بۆ کوڕان (٣,٩٠٧٧) و بۆ کچان (٣,٩٧١٤) بووە، کە لێکنزیکبوونەوەیەکی زۆر لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا نیشان دەدات.

**دەرەنجامی زانستی و دەروونی بۆ ئەم خشتانە:**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەدا، ئەو بەشەی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە کە دەڵێت جیاوازی بەپێی ڕەگەز هەیە، ڕەت دەکرێتەوە. لە ڕووی زانستی و دەروونناسییەوە، ئەمە دەرەنجامێکی زۆر لۆژیکی و ئەرێنییە. ئەنجامەکە پێمان دەڵێت کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل (وەک وەرزش، هونەر، یانە زانستییەکان) کاریگەرییەکی ئەرێنی و یەکسانیان هەیە بەسەر هەردوو ڕەگەزدا. واتە، کوڕان و کچان لەم قۆناغەی تەمەنیاندا بە هەمان ئاست پێویستیان بە کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و دروستکردنی متمانەبەخوود هەیە، و ژینگەی قوتابخانە توانیویەتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بێ جیاوازیی ڕەگەزی ئەم پێداویستییە دەروونییانە بۆ هەردووکیان دابین بکات.

**گریمانەی جیاوازی بەگوێرەی جۆری قوتابخانە**

**خشتەی (٧) ئەنجامەکانی جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە**

| Independent Samples Test | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| t-test for Equality of Means | | | Levene's Test for Equality of Variances | | | |
| Sig. (2-tailed) | Df | t بەهای هەژمارکراو | بەهای ئەگەری Sig | F بەهای هەژمارکراو | | |
| ٠.000 | 418 | -4.037 | **٠.875** | **٠.025** | Equal variances assumed | چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل |
| ٠.000 | 80.340 | -4.063 | | | Equal variances not assumed | |
| ٠.001 | 418 | -3.371 | **٠.985** | **٠.000** | Equal variances assumed | ڕەنگدانەوەی دەروونی |
| ٠.001 | 79.554 | -3.349 | | | Equal variances | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | not assumed | |

خشتەی (٨) ئەنجامەکانی جیاوازی ناوەندی هەژمارەکان بەپێی جۆری قوتابخانە (حکومی - ناحکومی)

| Group Statistics | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گۆڕاوەکان | جۆری قوتابخانە | N | ناوەندی هەژماری | لادانی پێوەری |
| جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل | حکومی | 360 | 4.0066 | ٠.57879 |
| | ناحکومی | 60 | **4.3321** | **٠.57363** |
| ڕەنگدانەوەی دەروونی | حکومی | 360 | 3.8931 | ٠.69157 |
| | ناحکومی | 60 | **4.2185** | **٠.69771** |

**شیکردنەوەی گریمانەی یەکەم:**

**جیاوازییەکان بەپێی گۆڕاوی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومی)، لە خشتەی( ٧ و ٨ ).**

بە مەبەستی زانینی ئەوەی ئایا جیاوازییەکی واتادار هەیە لە نێوان قوتابیانی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکاندا سەبارەت بە (جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل) و (ڕەنگدانەوە دەروونییەکان)، توێژەر پشتی بە هەردوو خشتەی (٧) و (٨) بەستووە. خشتەی (٧) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Independent Samples T-test) ). نیشان دەدات، و خشتەی (٨) تایبەتە بە خستنەڕووی ئامارە وەسفییەکان. ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە شیدەکرێنەوە:

**یەکەم: سەبارەت بە گۆڕاوی (جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل)**

لە خشتەی (٧)دا و بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی(T-test) ، دەردەکەوێت کە بەهای (t) یەکسانە بە (-٤,٠٣٧) و ئاستی واتاداری (Sig) یەکسانە بە (٠,٠٠٠). لەبەر ئەوەی بەهای (Sig)یەکجار بچووکترە لە ئاستی واتاداریی دیاریکراو (٠,٠٥)، ئەمە بە ڕوونی دەیسەلمێنێت کە جیاوازییەکی واتاداری ئاماریی ڕاستەقینە هەیە لە نێوان جۆری قوتابخانەکاندا. بۆ زانینی ئەوەی ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندیی کام جۆرەیانە، سەیری داتاکانی خشتەی (٨) دەکەین، دەبینین کە ناوەندی هەژماری بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان (٤,٣٣٢١) بووە کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ناوەندی هەژماریی قوتابخانە حکومییەکان کە (٤,٠٠٦٦)یە.

**دووەم: سەبارەت بە گۆڕاوی (ڕەنگدانەوەی دەروونی)**

هەر بەپێی داتاکانی خشتەی (٧) و بۆ گۆڕاوی ڕەنگدانەوەی دەروونی، ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-test)نیشانی دەدات کە بەهای (t) یەکسانە بە (-٣,٣٧١) و ئاستی واتاداری (Sig) یەکسانە بە (٠,٠٠١). لێرەشدا بچووکیی بەهای (Sig) لە (٠,٠٥) بەتەواوی دوورپاتی دەکاتەوە کە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکاندا سەبارەت بە ڕەنگدانەوە دەروونییەکان لای قوتابیان دروست دەبن. کاتێک سەیری خشتەی (٨) یش دەکەین بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمە دەبینین کە ناوەندی هەژماری بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان (٤,٢١٨٥) بووە، لە کاتێکدا بۆ قوتابخانە حکومییەکان (٣,٨٩٣١) بووە، کە ئەمەش ڕاستییەکە دەسەلمێنێت کە جیاوازییەکە بە تەواوی لە بەرژەوەندیی قوتابخانە ناحکومییەکانە.

**دەرەنجامی زانستی و دەروونی بۆ ئەم خشتانە**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەدا، ئەو بەشەی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە کە دەڵێت جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە هەیە، بەتەواوی) قبوڵ دەکرێت .(Accepted) لە ڕوانگەی شیکاریی دەروونناسییەوە، هۆکاری ئەوەی کە قوتابخانە ناحکومییەکان (ئەهلییەکان) لە هەردوو تەوەرەکەدا نمرەی بەرزتر و باشتریان بەدەستهێناوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری ژینگەیی. زۆرجار قوتابخانە ناحکومییەکان خاوەنی ژێرخانێکی لەبارترن (وەک یاریگای پێشکەوتوو، تاقیگە، و هۆڵی هونەری) و ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا کەمترە. ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی هەر قوتابییەک بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە چالاکییەکاندا بکات. لە ڕووی دەروونییەوە، ئەم جۆرە ژینگە کەم - قەرەباڵغ و پڕ لە چالاکییە، وادەکات قوتابی کەمتر تووشی فشاری ئەکادیمی (Academic Stress) ببێت، متمانەبەخوودی زیاتر بێت، و هەست بە گرنگیی زیاتری خۆی بکات، کە لە کۆتاییدا ڕەنگدانەوەیەکی دەروونیی ئەرێنیتر و سەقامگیرتری لێ دەکەوێتەوە بەراورد بە قوتابخانە حکومییەکان کە ڕەنگە بەدەست قەرەباڵغی و کەمیی تەرخانکراوی دارایی بۆ چالاکییەکانەوە بناڵێنن.

**گریمانەی جیاوازی بەپێی پۆلەکان**

**خشتەی (٩) ئەنجامەکانی جیاوازی بەپێی پۆلەکان**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای ئەگەری Sig | F بەهای هەژمارکراو | چوارگۆشەی ناوەند Mean Square | Df | کۆی چوارگۆشەکان | | |
| **0.780** | **0.248** | 0.٠٨٦ | 2 | ٠.172 | Between Groups | چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل |
| | | 0.٣٤٨ | 417 | 144.950 | Within Groups | |
| | | | 419 | 145.123 | Total | |
| **٠.176** | **1.746** | ٠.855 | 2 | 1.710 | Between Groups | ڕەنگدانەوەی دەروونی |
| | | ٠.490 | 417 | 204.159 | Within Groups | |
| | | | 419 | 205.870 | Total | |

**شیکردنەوەی گریمانەی یەکەم: جیاوازییەکان بەپێی گۆڕاوی پۆلەکان) ٧، ٨، ٩(**

بە مەبەستی زانینی ئاستی جیاوازی لە تێڕوانین و ڕەنگدانەوە دەروونییەکانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل لە نێوان قوتابیان بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافیی (پۆل یان قۆناغی خوێندن)، توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی ئاماریی شیکردنەوەی جیاوازیی تاکلایەنە (One-Way ANOVA) بەستووە. لە ڕێگەی وردبوونەوە لە داتاکانی خشتەی (٩)، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە شیکارییان بۆ دەکرێت:

**یەکەم: سەبارەت بە تەوەرەی (جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل)**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

داتاکانی خشتەکە دەریدەخەن کە بەهای(F) ی هەژمارکراو بۆ ئەم تەوەرەیە بریتییە لە (٠,٢٤٨) بە پلەی ئازادیی نێوان گرووپەکان کە (٢)یە، و ناوخۆی گرووپەکان کە (٤١٧)ە. هەروەها بەهای ئەگەری (Sig) یەکسانە بە (٠,٧٨٠). لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە گەورەترە لە ئاستی واتاداریی ئاماری (٠,٠٥)، ئەمە بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هیچ جیاوازییەکی واتاداری ئاماری لە نێوان قوتابیانی پۆلە جیاوازەکاندا بوونی نییە سەبارەت بە ئاستی بەشداریکردنیان لە جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلدا.

**دووەم: سەبارەت بە تەوەرەی (ڕەنگدانەوەی دەروونی)**

لە ڕووی ڕەنگدانەوەی دەروونییەوە، ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ANOVA) دەریخست کە بەهای(F) ی هەژمارکراو بریتییە لە (١,٧٤٦)، وە بەهای ئەگەری (Sig) یەکسانە بە (٠,١٧٦). بە هەمان شێوەی پێشوو، لەبەر ئەوەی بەهای (Sig) لێرەشدا زۆر گەورەترە لە (٠,٠٥)، بڕیار دەدرێت کە جیاوازییەکی واتاداری ئاماری نییە لە ئاستی ڕەنگدانەوە دەروونییەکانی چالاکییەکان کە بگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی پۆلەکانی قوتابیان.

**دەرەنجامی زانستی و دەروونی بۆ ئەم خشتەیە**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەی سەرەوەدا، ئەو بەشەی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە کە پێشبینی دەکات جیاوازیی واتاداری ئاماری هەیە کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی پۆل یان قۆناغی خوێندن، بە تەواوی) ڕەت دەکرێتەوە .(Rejected - لە ڕوانگەی دەروونناسیی گەشەکردنەوە (Developmental Psychology)، نەبوونی ئەم جیاوازییە دەرەنجامێکی یەکجار لۆژیکی و زانستییە. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قوتابیانی پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) بە گشتی لە یەک قۆناغی گەشەی دەروونی و تەمەنیدان کە قۆناغی (سەرەتای هەرزەکارییە). لەم قۆناغەدا، پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانیان بۆ سەلماندنی خود، کەمکردنەوەی فشاری ئەکادیمی، بەتاڵکردنەوەی سۆزداری، و دروستکردنی ئاسایشی دەروونی لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە زۆر لە یەکترەوە نزیکن. ئەمەش وای کردووە کە کاردانەوە و سوودوەرگرتنی قوتابیان لە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیریی دەروونی نزیکەی وەک یەک بێت و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پۆلێک بۆ پۆلێکی تردا دروست نەبێت.

**گریمانەی دووەم**

**چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، کاریگەرییەکی ئەرێنی و واتاداری ئامارییان لەسەر لایەنی دەروونی قوتابیان هەیە.**

**خشتەی (١٠): ئەنجامی پەیوەندی نێوان جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و ڕەنگدانەوەی دەروونی**

| شیکردنەوەی پەیوەندی Correlations | | |
|---|---|---|
| گۆڕاوەی سەربەخۆ | گۆڕاوەی وابەستە (ڕەنگدانەوەی دەروونی) | |
| | بەهای پەیوەندی R | بەهای ئەگەری Sig |
| جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل | ** 0.554 | 0.000 |
| **. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).<br>N= 420 | | |

**سەرچاوە:** توێژەر بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئاماریی SPSS

**خشتەی (١١): ڕەنگدانەوەی دەروونی لە ئەنجامی جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل**

| گۆڕاوی وابەستە | $B_0$ جێگیر | $R^2$ | F | DF | Sig بەهای ئەگەری | ڕێژەی کاریگەری | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | گۆڕاوی سەربەخۆ | $B_1$ | لادانی پێوەری | t بەهای هەژمارکراو | Sig |
| ڕەنگدانەوەی دەروونی | 1.266 | 0.307 | 184.893 | 1 419 419 | 0.000 | جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل | 0.660 | 0.5843 | 13.598 | 0.001 |
| Predictors: (Constant), **جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل**<br>Dependent Variable: **ڕەنگدانەوەی دەروونی**<br>N= **420** | | | | | | | | | | |

**سەرچاوە:** توێژەر بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئاماریی SPSS

**شیکردنەوەی ئەنجامەکانی خشتەی (١٠ و ١١): پەیوەندی و ڕێژەی کاریگەریی چالاکییەکان لەسەر ڕەنگدانەوەی دەروونی:**

**شیکردنەوەی گریمانەی دووەم: پەیوەندی و کاریگەرییەکان**

ئەم گریمانەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، کاریگەرییەکی ئەرێنی و واتاداری ئامارییان لەسەر لایەنی دەروونیی قوتابیان هەیە. بە مەبەستی سەلماندنی ئەم گریمانەیە، توێژەر هەردوو تاقیکردنەوەی ئاماریی هاوپەیوەندیی پیرسۆن (Pearson Correlation)و شیکردنەوەی پاشەکشەی هێڵی (Simple Linear Regression) ی پێکەوە بەکارهێناوە.

**شیکردنەوەی ئەنجامەکانی خشتەی (١٠ و ١١): پەیوەندی و ڕێژەی کاریگەریی چالاکییەکان لەسەر ڕەنگدانەوەی دەروونی**

سەرەتا بۆ زانینی جۆر و ئاستی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ (جۆری چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل) و گۆڕاوی وابەستە (ڕەنگدانەوەی دەروونی)، سەیری داتاکانی خشتەی (١٠) دەکەین. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە بەهای پەیوەندیی (R) یەکسانە بە (٠,٥٥٤) لەگەڵ بەهای واتاداری .(Sig = 0.000) لەبەر ئەوەی بەهای (Sig) زۆر بچووکترە لە ئاستی واتاداریی (٠,٠١)، ئەمە سەلمێنەری بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی و ڕاستەوخۆیە لە نێوان بەشداریکردن لە چالاکییەکان و باشتربوونی باری دەروونیی قوتابیاندا. واتە تا ئاستی بەشداریکردنی قوتابی لە چالاکییەکاندا بەرزتر ببێتەوە، سەقامگیرییە دەروونییەکەشی زیاتر دەبێت .بۆ زانینی قەبارە و بڕی ئەم کاریگەرییە، داتاکانی شیکردنەوەی لە خشتەی (١١)دا دەخەینە ڕوو. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە بەهای هاوپەیوەندیی کۆ (R Square) گەیشتووەتە (٠,٣٠٧). لە زانستی ئاماردا ئەمە بەو واتایە دێت کە (٣٠,٧%)ی ئەو ئارامییە دەروونییە، بەرزبوونەوەی متمانەبەخوود، و کەمبوونەوەی دڵەڕاوکێیەی کە لای قوتابیان دروست دەبێت، ڕاستەوخۆ

دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل (ڕێژەکەی تریش پەیوەستە بە هۆکارەکانی خێزان، بۆماوەیی، و ژینگەی دەرەوە کە لەدەرەوەی ئەم توێژینەوەیەن) .

هەروەها بۆ دڵنیابوونەوە لە گونجانی مۆدێلی بەهای(F) ی هەژمارکراو گەیشتووەتە (١٨٤,٨٩٣) بە ئاستی واتاداری (٠,٠٠٠)، کە متمانە پێکراویی مۆدێلەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

هاوکات لە هەمان خشتەدا، بەهای (B1)بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ بریتییە لە (٠,٦٦٠) بە بەهای (t = 13.598) و ئاستی واتاداری (٠,٠٠١). ئەمەش بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت کە بە زیادبوونی یەک یەکە لە ئەنجامدانی چالاکییەکان، ڕەنگدانەوەی دەروونی قوتابی بە بڕی (٠,٦٦٠) بەرز دەبێتەوە.

**دەرەنجامی زانستی و دەروونی بۆ گریمانەی دووەم**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامە ئامارییانەدا، گریمانەی دووەمی توێژینەوەکە بە تەواوی) پەسەند دەکرێت - (Acceptedلە ڕوانگەی دەروونناسیی گەشەکردن و تەندروستیی دەروونییەوە، ئەم ئەنجامە زانستییە بەهێزە ئەوە دەسەلمێنێت کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل تەنها پرۆسەیەکی لاوەکی یان کات بەسەربردن نین، بەڵکو میکانیزمێکی چارەسەریی دەروونی (Therapeutic Mechanism)یەکجار کاران. ئەم چالاکییانە دەبنە هۆی شکاندنی فشاری ئەکادیمی، بەتاڵکردنەوەی وزە و سۆزە پەنگخواردووەکان و دابینکردنی ئارامیی سۆزداری بۆ قوتابیان، کە لە کۆتاییدا یارمەتییان دەدات کەسایەتییەکی تەندروست، بەهێز و هاوسەنگ بونیاد بنێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ژیان.

**دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

**یەکەم: دەرەنجامەکان(Conclusions)**

لە ژێر ڕۆشنایی شیکردنەوە ئامارییەکان و داتای بەدەستهاتوو لە مەیدانی توێژینەوەکەدا، توێژەر گەیشتووەتە ئەم دەرەنجامە زانستی و دەروونییانەی خوارەوە:

١- دەرکەوت کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل تەنها پرۆسەیەکی کات بەسەربردن نین، بەڵکو ژینگەیەکی یەکجار کاریگەرن بۆ گەشەپێدان و سەقامگیریی دەروونی قوتابیان. ئەم چالاکییانە بە ڕێژەی (٣٠,٧%) بەرپرسن لە دروستبوونی هەستی متمانەبەخوود، دۆزینەوەی ناسنامەی کەسی، و کەمکردنەوەی فشاری ئەکادیمی، کە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە ئەم چالاکییانە وەک چارەسەرێکی دەروونی (Therapeutic Outlet) کار دەکەن بۆ نەوەی نوێ.

٢- بەشداریکردنی قوتابیان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا، وێنەی قوتابخانە لە مێشکیاندا لە شوێنێکی پڕ سترێس و ناچارییەوە دەگۆڕێت بۆ ماڵێکی دووەم و پەناگەیەکی دەروونی ئارام. دروستبوونی ئەم پەیوەستبوونە سۆزدارییە (Emotional Attachment) وادەکات قوتابی لە ڕووی دەروونییەوە زیاتر ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ژیان.

٣- نەبوونی جیاوازیی واتاداری ئاماری لە نێوان کوڕان و کچان، و هەروەها لە نێوان پۆلەکانی (٧، ٨، ٩)دا، دەرەنجامێکی یەکجار گرنگە کە دەیسەلمێنێت لە قۆناغی سەرەتای هەرزەکاریدا، پێداویستییە دەروونییەکان بۆ بەتاڵکردنەوەی سۆزداری و دروستکردنی ئاسایشی دەروونی لای هەمووان وەک یەکە و جیاوازیی ڕەگەزی یان تەمەنی کاریگەریی لەسەر گەورەیی سوودە دەروونییەکانی ئەم چالاکییانە نییە.

٤- دەرکەوتنی جیاوازی لە بەرژەوەندیی قوتابخانە ناحکومییەکان (ئەهلییەکان) بەراورد بە قوتابخانە حکومییەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بوونی ژێرخانێکی گونجاو (وەک یاریگا،

تاقیگە، و هۆڵی تایبەت) و کەمتربوونی قەرەباڵغی، ڕاستەوخۆ ژینگەیەکی دەروونیی ئارامتر دەرەخسێنێت و دەرفەتی زۆر زیاتر بە تاک بە تاکی قوتابیان دەدات بۆ دەرخستنی بەهرەکانیان و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ.

**دووەم: ڕاسپاردەکان(Recommendations)**

بە پشتبەستن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

١- پێویستە وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بە ژێرخانی قوتابخانە حکومییەکاندا بکەن، و شوێنی تایبەت بە چالاکییە جەستەیی و هونەرییەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی جیاوازیی دەروونی و ژینگەیی نێوان کەرتی حکومی و ناحکومی لەم بوارەدا کەم بکرێتەوە.

٢- ئاراستەکردنی کارگێڕیی قوتابخانەکان و ڕێنماییکارانی پەروەردەیی (توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی) کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل وەک میکانیزمێکی چارەسەریی پێشوەختە بەکاربهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قوتابیانەی کە بەدەست دڵەڕاوکێ، فشاری ئەکادیمی، یان کەمیی متمانەبەخوودەوە دەناڵێنن.

٣- هۆشیارکردنەوەی خێزان و کۆمەڵگە لە ڕێگەی سیمینار و کۆبوونەوەکانەوە سەبارەت بە گرنگیی سۆزداری و دەروونیی ئەم چالاکییانە، بۆ ئەوەی تێڕوانینیان بگۆڕێت و هاندەری منداڵەکانیان بن بۆ بەشداریکردن تێیاندا نەک ڕێگریکردن لێیان بە بیانووی سەرقاڵبوون لە خوێندن.

٤- پێشنیار دەکرێت توێژەرانی داهاتوو لێکۆڵینەوەی هاوشێوە و درێژخایەن (Longitudinal Studies)ئەنجام بدەن بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی ئەم چالاکییانە لەسەر تەندروستیی دەروونیی قوتابیان لە قۆناغەکانی دواتری وەک ئامادەیی و زانکۆ، هەروەها بەراوردکردنی ئاستی خەمۆکی لە نێوان قوتابیانی بەشداربوو و بەشدارنەبوودا.

**سەرچاوەکان(References) ،**

یەکەم: سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان

١- الحمودي، محمد سرحان علي. (٢٠١٩). منهج البحث (الطبعة الثالثة). صنعاء: دار الكتب.

٢- الصقور، علي. (٢٠٠٩). الأنشطة اللاصفية ودورها في تنمية شخصية الطالب. مجلة جامعة دمشق للعلوم التربوية.

٣- العمري، غادة علي عاطف. (٢٠٢٠). تصور مقترح لتطوير الأنشطة اللاصفية المدرسية في ضوء رؤية المملكة ٢٠٣٠م. المجلة الدولية للدراسات التربوية والنفسية.

٤- پرۆگرامی خوێندنی بنەڕەتی. (٢٠٢٠). پرۆگرامی خوێندنی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥-عرفة، خضر حسني. (٢٠١٠). دور المدير في المدارس الإعدادية بوكالة الغوث الدولية في التغلب على معيقات تنفيذ الأنشطة المدرسية اللاصفية. رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، كلية التربية.

٦- كاظم، عدي علي. (٢٠١٩). تطوير الأنشطة الصفية واللاصفية من وجهة نظر المعلمين والمشرفين في ضوء متطلبات الجودة الشاملة لتلاميذ المدارس الابتدائية في العراق. مجلة جامعة بابل للعلوم الإنسانية، ٢٧)١.)

٧- محمود، عبد الرازق مختار، و مرغني، أماني حامد. (٢٠٢٢). تصور مقترح لعلاج الأخطاء الإملائية لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية باستخدام أنشطة القرائية (الصفية واللاصفية). المجلة التربوية لتعليم الكبار - كلية التربية - جامعة أسيوط، المجلد الرابع (العدد الأول).
٨- وەزارەتی پەروەردە. (٢٠٢٣). چالاکی قوتابخانەکان. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

9- Bandura, Albert. (1986). Social Foundations of Thought and Action: A Social Cognitive Theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.
10- Bryman, Alan. (2016). Social Research Methods (5th ed.). Oxford: Oxford University Press.
11- Cooley, Charles Horton. (1902). Human Nature and the Social Order. New York: Charles Scribner's Sons.
12- Eccles, Jacquelynne S., Barber, Bonnie L., Stone, Margaret, & Hunt, James. (2003). Extracurricular activities and adolescent development. Journal of Social Issues, 59(4), 865-889. Available at: https://doi.org/10.1046/j.0022-4537.2003.00095.x
13- Feldman, Amy F., & Matjasko, Jennifer L. (2005). The role of school-based extracurricular activities in adolescent development: A comprehensive review and future directions. Review of Educational Research, 75(2), 159-210.
14- Field, Andy. (2018). Discovering statistics using IBM SPSS statistics (5th ed.). London: SAGE Publications.
15- Leedy, Paul D., & Ormrod, Jeanne Ellis. (2015). Practical Research: Planning and Design (11th ed.). Boston: Pearson Education.
16- Mahoney, Joseph L., Larson, Reed W., & Eccles, Jacquelynne S. (Eds.). (2005). Organized activities as contexts of development: Extracurricular activities, after-school and community programs. Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum Associates.
17- Massoni, Erin. (2011). Positive effects of extra curricular activities on students. ESSAI, 9(1), Article 27. Available at: http://dc.cod.edu/essai/vol9/iss1/27

References,
First: Kurdish and Arabic sources
١- Al-Hammoudi, Mohammed Sarhan Ali. (2019). Research Methodology (Third Edition). Sanaa: Dar al-Kitb.
٢- Al-Saqur, Ali. (2009). Lasfia activity and its role in student personal development. Journal of Damascus University of Educational Sciences.

-٣Al-Omri, Ghada Ali Atif. (2020). Preliminary vision for the development of the school project in the vision of the country 2030m. International Journal of Educational and Psychological Studies.

.٤Basic education program. (2020). Basic Social Studies Program. Ministry of Education of the Kurdistan Regional Government.

-٥Arfa, Khader Hosni. (2010). The role of the principal in the preparatory schools of the International Institute of Development in overcoming the implementation requirements of the Lasfiya school project. Master's thesis, Islamic University – Gaza, Faculty of Education.

-٦Kazem, Adi Ali. (2019). Developing quality and quality design from the perspective of teachers and supervisors in terms of comprehensive quality requirements for the quality of primary schools in Iraq. Journal of Babylon University of Humanities, 27(1.(

-٧Mahmoud, Abdul Raziq Mukhtar, and Marghani, Amani Hamid. (2022). Preliminary view of the treatment of spelling errors in the preparatory stage using reading exercises (alphabetically and alphabetically). Educational Magazine for Adult Education - Faculty of Education - Asyut University, Volume Four (First Issue.(

-٨Ministry of Education. (2023). School Activities. Ministry of Education of the Kurdistan Regional Government.

Second, English sources:

9- Bandura, Albert. (1986). Social Foundations of Thought and Action: A Social Cognitive Theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.

10- Bryman, Alan. (2016). Social Research Methods (5th ed.). Oxford: Oxford University Press.

11- Cooley, Charles Horton. (1902). Human Nature and the Social Order. New York: Charles Scribner's Sons.

12- Eccles, Jacquelynne S., Barber, Bonnie L., Stone, Margaret, & Hunt, James. (2003). Extracurricular activities and adolescent development. Journal of Social Issues, 59(4), 865-889. Available at: https://doi.org/10.1046/j.0022-4537.2003.00095.x

13- Feldman, Amy F., & Matjasko, Jennifer L. (2005). The role of school-based extracurricular activities in adolescent development: A comprehensive review and future directions. Review of Educational Research, 75(2), 159-210.

14- Field, Andy. (2018). Discovering statistics using IBM SPSS statistics (5th ed.). London: SAGE Publications.

15- Leedy, Paul D., & Ormrod, Jeanne Ellis. (2015). Practical Research: Planning and Design (11th ed.). Boston: Pearson Education.
16- Mahoney, Joseph L., Larson, Reed W., & Eccles, Jacquelynne S. (Eds.). (2005). Organized activities as contexts of development: Extracurricular activities, after-school and community programs. Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum Associates.
17- Massoni, Erin. (2011). Positive effects of extra curricular activities on students. ESSAI, 9(1), Article 27. Available at: http://dc.cod.edu/essai/vol9/iss1/27

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥